
# قەیرانی سەرمایەداریی و وەزیفەی مارکسیستەکان

## ( سوری ئابووریی و خەباتی چینایەتی)




جیهان ئەزموونی قوڵترین قەیران لە 1930ـەوە تاکو ئێستا دەکات. ترۆتسکی دەیگوت یەکێك لە قورسترین و ئاڵۆزترین ئەرکەکانی بەردەم شیکاریی مارکسیستیی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە: "لە چ قۆناغێکداین؟ "شتێك بە ناوی قەیرانی کۆتایی سەرمایەداریی بوونی نییە. بەڕادەیەك ئەم دووسەد ساڵە، بازنە و خولانەوەی داڕمان و لەناوچوونی خەسڵەتی هەمیشەیی سەرمایەداریی بووە. دواجار سیستەمی سەرمایەداریی بەردەوام تەنانەت لە قوڵترین قەیرانی ئابوورییەوە دێتە دەرەوە تا کاتێك کۆی سیستەمەکە بەدەستی چینی کرێکار لەناو ببرێت .ئەمە ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام پرسیارە دیاریکراوەکە ئەمەیە: ئایا چۆن و بە چ نرخێك لەم قەیرانە دێنە دەرەوە؟ و پرسیاری دووەمیش ئەمەیە: پەیوەندیی نێوان سوری ئابووریی و ئاگایی چینی کرێکار چییە؟ ترۆتسکی زۆرجار ئەوەی ڕوونکردووەتەوە کە پەیوەندیی سوری ئابووریی و ئاگایی پەیوەندییەکی ئۆتۆماتیك نییە. فاکتەرگەلی جۆراوجۆر شوێنەواریان لەسەر ئەم پەیوەندییە هەیە و دەبێت بەدیاریکراوی دەستبکەین بە شیکردنەوەی ئەم فاکتەرانە.

دوو وتاری گرنگی ترۆتسکی هەن کە لەسەر ئەم پرسە دەدوێن: یەکێکیان "شەپۆل-تۆفان-Flood)"
(Tideـە، کە لە کتێبی "یەکەم پێنج ساڵی ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیست"دا هاتووە. و دووەم وتارێکی زۆر گرنگە و لە ساڵی 1932 نووسراوە، واتا بەدرێژایی ئەو قەیرانە قوڵەی دوای کەوتنی ساڵی 1929ی گرتەوە. ئەم وتارە ناوی "قۆناغی سێیەمی هەڵەکانی کۆمینترن"ـە (8ی کانوونی دووەمی 1930). جێی خۆیەتی بە وردبینییەوە، بەش بەش لێکۆڵینەوە لەم دوو وتارە بکرێت .لە گریمانە سەرەتاییەکانی ماتریالیزمی دیالەکتیکی ئەوەیە ئاگایی ئینسان بە جەوهەر کۆنزەرڤاتیڤە. زۆرینەی خەڵك حەزیان بۆ گۆڕان نییە. ئەوان بەرهەڵستی لە بەرانبەر بە ئایدیا تازەکان دەکەن. و خۆیان دەلکێنن بە فۆرم و ئایدیا باڵادەستەکانی کۆمەڵگاوە تا ئەو کاتەی شەپۆلی لێدانی ڕووداوەکان ناچاریان دەکات دەست لەم ئایدیا و بیروبۆچوونانە هەڵگرن .دۆخی هەنوکەیی سەرمایەداریی جیهانیی، مرۆڤ بە بیر قسەکەی ترۆتسکی لە ساڵی 1938دا دەهێنێتەوە. "لەڕوانگەی ئوبێکتیڤییەوە(بابەتییەوە)، هەلومەرجی شۆڕشی سۆسیالیستیی جیهانیی نەك تەنها گەیشتووە و ئامادەیە، بەڵکو بەهۆی ئەو هەموو پێگەییویەیەوە، گەنیوە!". بارودۆخ، لەڕوانگەی مێژووییەوە شکست و ئیفلاسی خۆی دەرخستووە. ئەمە بۆ هەمووومان ڕوونە. و وێڕای ئەمە هێشتا ناکۆکی و پارادۆکسێك ماوەتەوە. ئەگەر بەمجۆرەیە ئەی بۆچی هێزە مارکسیستییەکان هێشتاش کەمینەیەکی چکۆلەن؟

وەڵامی ئەم پرسیارەش زۆر ئاسانە. ئاگایی زۆر زیاتر لەدواوەی پێگە و دۆخی ئوبێکتیڤەوەیە. ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی چینی کرێکار زۆر لەدواوەی بارودۆخی واقیعی و ڕاستەقیەنەوەن. و گرنگتر لەهەمووشیان، ڕێبەری پرۆلیتاریا لەدواوەی هەلومەرجی ئوبێکتیڤەوەیە .ئەم واقیعانە لە ئاسمانەوە دانەبەزیونەتە سەر زەوی، بەڵکو بەدرێژایی دەیەکان و نەوەکانی قۆناغی بووژانەوەی ئابووریی سەرمایەداریی، کارپێدانی تەواوەتی، باشتربوونی ڕێژەیی ستانداردەکانی ژیان هاتوونەتە ئاراوە. ئەمە، بەتایبەت لە وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوودا، ڕەوتی بارودۆخەکان بووە. ئەویش نەك بۆ ماوەیەکی کورت، بەڵکو بۆ قۆناغێکی زیاتر لە پەنجا ساڵ. ئەم واقیعە ئاگایی چینی کرێکار لە بریتانیا،

فەڕەنسا، ئیسپانیا و ئەمریکا دەهێنێتە بوونەوە. دیارە هەلومەرجی ئەوەی پێیدەگوترێت "جیهانی سێیەم" فەرق دەکات.

### ئاگایی چینی کرێکار

هەڵەیەکی زۆر جددیی بۆ شۆڕشگێڕان ئەوەیە ئەوەی ئێمە تێیدەگەین تێکەڵی بکەین بە نیگا و تێڕوانینی جەماوەر بۆ شتەکان. دەبێت تێبگەین زۆرینەی کرێکاران و جەماوەر ئاگاییەکی هاوشێوەی مارکسیستەکانیان نییە. تا ئەو شوێنەی پەیوەندیی بە جەماوەرەوە هەیە، یەکەم کاریگەریی قەیرانی قوڵ، داڕمانی ئابووریی قوڵ (و ئەمە قەیرانێکی قوڵە)، بریتییە لە شۆك. کرێکاران ماتن و ئاڵۆسکاون، تووشی تراوما بوون و تێناگەن ئەوە چییە ڕوودەدات .زۆرینەیان پێیانوایە قەیرانێکی کاتیی دەبێت. بەم ئەنجامە دەگەن ئەگەر قایشەکانیان شل بکەنەوە، خۆیان بەخت بکەن، سەریان شۆڕش بکەن، عاقیبەت بارودۆخەکە باشتر دەبێت و دەگەڕێتەوە ڕەوشی پێشووی خۆی. لەڕوانگەی زۆرینەی مرۆڤە ئاساییەکانەوە، ئەمە گریمانەیەکی بەڕادەیەك لۆژیکیانەیە. بەڕواڵەت ئەم قەیرانە وەك شتێکی عەجیب و غەریب، شتێکی نائاسایی، دەردەکەوێت. و خەڵك دەیانەوێت "ڕۆژە خۆشەکانی ڕابردوو" بگەڕێنەوە.

"ڕێبەران"ی چینی کرێکار، ڕێبەرانی یەکێتییە کرێکارییەکان، ڕێبەرانی سۆسیال دیموکرات، کۆمۆنیستەکانی پێشوو، ڕێبەرانی بۆلیڤیی، هەموویان بانگەشە بۆ ئەم بیرۆکەیە دەکەن، کە ئەمە قەیرانێکی کاتییە. ئەوان پێیانوایە بە چەند گۆڕانکارییەك لە سیستەمی باڵادەستدا، قەیرانەکە چارەسەر دەبێت. و کاتێك ئێمە باسی فاکتەری سوبێکتیڤ (زەینیی)، واتا ڕێبەرایەتی دەکەین، دەبێت ئەوە بزانین بۆ ئێمە ڕێبەرایەتیی ئەم ڕێکخراوانە فاکتەرێکی سوبێکتیڤ نییە. بەڵکو بەشی هەرە گرنگی بریتییە لە فاکتەری ئوبێکتیڤ (بابەتیی) کە دەتوانێت بۆ ماوەیەك لەدواوە پرۆسەی بارودۆخەکە بهێڵێتەوە .بێگومان ئەمە ئایدیایەکی تەواو هەڵەی ڕیفۆرمیستەکانە کە دەڵێن تەنها پێویستمان بە کۆنتڕۆڵ و دیسپلینی زیاتر هەیە، و دواتر دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ هەلومەرجی پێشوو. ئەمە

نەقەیرانێکی ئاساییە و نە کاتییشە. ئەمە قەیرانی داڕانی بنچینەییە لە پرۆسەی بارودۆخەکان. ئەمە بەو مانایە نییە سوڕی ئابووریی نابوژێتەوە. ئەم بووژانەوەیە درەنگ یان زوو، هەر ڕوودەدات .لە ئێستادا ئابووریناسان و سیاسەتمەدارە بۆرژواکان، و زیاتر لە هەموویان ڕیفۆرمیستەکان، بێچارە و نائومێد بەدوای جۆرە هەڵسانەوەیەکن بۆ ئەوەی لەم قەیرانە ڕزگاریان بێت. ئەوان وەك ڕێگای ڕزگاربوون سەیری بووژانەوەی سوڕی ئابووریی دەکەن. بەردەوام باس لە "تیشکەکانی ئومێد"ی بووژانەوە دەکەن. بەڵام تا ئێستا ئەم "تیشکانەی ئومێد" تەواو کز و بەڕادەیەك وایان لێهاتووە نابینرێن.

ئەو ئۆپەراسیۆن و کردەوانەی سەرجەمی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان لەجیهاندا دەستیان بۆ بردووە لەڕوانگەی ئابووریی ئەرسەدۆکسیی سەرمایەدارییەوە، تەواو نابەرپرسانەیە. تەنها شیکردنەوەی ئەم کردەوانە، سەرلێتێکچوون و ئاڵۆسکانە. چینی باڵادەست لە ئاکامە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی قەیرانی ئابووریی تۆقیوە. هەر لەبەر ئەوە دەیانەوێت بڕێکی لەڕادەبەدەر گەورەی پارە بڕژێننە نێو ئابوورییەوە و ئاستە بەرز و بێ پێشینەکانی قەرزپێدان دروست بکەن. هەروەك هەمووان دەزانن دەبێت ئەم قەرزانە درەنگ یان زوو بدرێنەوە. ئەمە خۆی ڕاستەوخۆ قەیرانێکی زەبەلاحە لەداهاتوودا.

## چ جۆرە "بووژانەوە"یەك؟

تەواو ڕوون و ئاشکرایە کە دواجار جۆرە بووژانەوەیەك لە سوڕی ئابووریدا هەر ڕوودەدات. بەڵام هەر بەم ڕادەیەش ڕوون و ئاشکرایە ئەم بووژانەوەیە هیچ یەکێك لە کێشەکانی بەردەم سەرمایەداریی چارەسەر ناکات. ڕێك بەپێچەوانەوە. قەیرانی ئابووریی تازەتر و قوڵتر سەرهەڵدەدات و گرنگتر لەهەمووی، قەیرانە سایسی و کۆمەڵایەتییە قوڵەکان دێتەئاراوە. بۆرژوازیی سەراسیمە و بەنائومێدییەوە بەدوای بووژانەوەی هاوسەنگیی ئابووریدا وێڵە کە بە لەناوچوونی ساڵێك تا هەژدە مانگی ڕابردوو لەنێو چووە. کێشەکە ئەوەیە سەرجەمی هەنگاوەکانیان بۆ زیندووکردنەوەی هاوسەنگیی ئابووریی دەبێتە هۆی لەناوچوونی گشتیی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی و سیاسی .

ترۆتسکی وتارێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، لە ساڵی 1932 نووسیویەتی (واتا لە نزمترین خاڵی قەیرانی ئابووریدا). ناوی وتارەکەش: "ئاسۆکانی هەڵکشانی ئابووریی" و تیایدا، باسی شوێنەوار و کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووریی لەسەر ئاگایی جەماوەر دەکات. بۆیە دەڵێت ”:ناڕەزایەتی، ئارەزووی ڕاکردن لە هەژاریی، ڕق لە چەوسێنەران و سیستەمەکەیان، سەرجەمی ئەم هەستانە کە تا ئێستا سەرکوت دەکرێن و بە بێکاریی ترسێنەرانە و سەرکوتی دەوڵەتیی، بۆ ناوەوە فڕێدەدرێن، بە یەکەم نیشانە ڕاستەقینەکانی بووژانەوەی پیشەسازیی، بەهێزێکی دووهێندەوە فڕێدەدرێنە دەرەوە ."پرسەکە، زۆر کۆنکریتییە(مەلموسە). کرێکاران دەبینن خەریکە کارگەکانیان دادەخرێت، مەترسی لە سەر کارەکانیان هەیە، خێزانەکان کەوتوونەتە بەردەم مەترسییەوە، ڕێبەرانی سەندیکاکان هیچ ئەڵتەرناتیڤێکیان پێ نییە. ئەم بارودۆخە بەشێوەیەکی کاتیی، شوێنەواریی لەسەر مانگرتنەکان هەیە. بەڵام کاتێك هەڵکشانێکی بچووکی ئابووری ڕوودەدات و کرێکاران ببینن سەرۆك کارەکان کەسی دیکە دەرناکەن و دەیانەوێت چەند کەسێکی دیکەیش دابمەزرێنن و داواکارییەکانیش خەریکە بەرز دەبێتەوە. ئەمە دەتوانێت پاڵنەرێکی بەهێز بێت بۆ خەباتی ئابووری .بۆ نموونە، لە جیهاندا زیادەی بەرهەمهێنانی پۆڵا. "پۆڵا، زۆر هاتووە" (دیارە بۆ سنوورەکانی سیستەمی سەرمایەداریی). ئەمە پەیوەندیی بە دابەزینی بەهێزی بەرهەمهێنانی ئامێرییەوە هەیە. شتێك دەبینین نزیکەی لە 30%ی توانای زیادە لە کەرتی ئۆتۆمبیل لە ئاستی جیهانیدا بەگەڕ دەخرێت. و توانای زیادە دەرپەڕینێکی دیکەی هەمان زیادەی بەرهەمهێنانە. کارگەکانی ئامێر دەیانەوێت پشکە زیادەکانیان بفرۆشن، کارگەکان دادەخەن و کرێکاران دەردەکەن. بەڵام کە پشکەکان تەواو بوو باشتربوونێکی کەم ڕوودەدات و ئەمەش کرێکارانی ئامێرسازیی بۆ دەستبردن بۆ ئەکت و کردە بەجورئەتتر دەکات .ڕێگەم بدەن نموونەیەکی مێژوویی بهێنینەوە. لە ئەمریکا ساڵی 1929 تا 1933 هیچ مانگرتنێك بەرپانەکرا. هیچ بزووتنەوەیەکیش بوونی نەبوو جگە لە ڕاپەڕینی کرێکاران. بەڵام لە ساڵەکانی 1933 بۆ 1934 کە نیشانەکانی هەڵکشانی ئابووریی دەرکەوت، سەرهەڵدانی شەپۆلێکی بەرفراوانی مانگرتن و داگیرکردنی کارگەکانمان بینی وەك مانگرتنی مینیاپۆلیس

بەڕێبەرایەتیی ترۆتسکیستەکان .ئەمە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە ئەمریکا هەبوو و بووە هۆی بەستنی کۆنگرەی ڕێکخراوە پیشەسازییەکان (CIO) کە ئینشیقاقێك بوو لە یەکێتییە کۆنە سەندیکاییەکان، فیدراسیۆنی کرێکارانی ئەمریکا(AFL) دا. سی. ئای. ئۆ، یەکێتییەکی زۆر ڕادیکاڵ بوو کە کەرتەکانی پێشووی ڕێکنەخراوی کرێکارانی ڕێکخست. و دووبارەش ئەم پرۆسەیە دەبینینەوە .هەر لەو وتارەدا ترۆتسکی دەنووسێت دەبێت شۆڕشگێر لەسەرخۆ و ئارام بێت. نائارامی و هەڵەشەیی دایکی ئۆپۆرتۆنیزم (هەلپەرستیی) و هەروەها بان-چەپگەرایی (ئوڵترا-چەپگەرایی)یە. ئەو هەر لەم میانەیەدا دەنووسێت دەبێت هەموو ئەندامانی حزب ناچاربن بلکێن بە یەکێتییە کرێکارییەکانەوە. ئەو بەردەوام پێداگریی لەسەر زەرووڕەتی پەیوەندیی نزیکتری شۆڕشگێڕان بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و گرنگتر لەهەمووی، بە یەکێتییە کرێکارییەکانەوە، دەکات. ئەمە ڕێکەوت نییە. کرێکاران لەنێوان قەیرانەکاندا هەست بە زەرووڕەتی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بۆ بەرگریکردن لەبەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن و ئەم ڕێکخراوانە دەکەونە ژێرکاریگەریی قەیرانەوە.

## کوێریی بۆرژوازیی

ترۆتسکی لە بەرنامەی ڕاگوزەر (بەرنامەی ئینتیقالی)دا باس لەوە دەکات کە بۆرژوازیی بە چاوە داخراوەکانییەوە بەرەو کارەسات دەڕوات. دەکرا هەر دوێنێ ئەم وشانە بنووسرێت. بۆرژوازیی لە هیچ شتێك تێناگات؛ ئەوان نازانن چی ڕوودەدات. ترس و تۆقین بەرۆکی گرتوون. هەر بۆیە دەستیان بۆ ئەم هەموو کردەوە نابەرپرسانەیە بردووە. ئەمە نیشانەی سەراسیمە و نائومێدبوونیانە .ئەمەش بەڕێکەوت نییە. لینین دەڵێت ئەو کەسەی لەسەر لێواری دۆڵێك وەستاوە عەقڵی بەکارناهێنێت و بەشێوەیەکی لۆژیکیی (مەنتیقی) بیرناکاتەوە. و گەمژەترین و ئەحمەقترین بەشی سەرمایەداران، ئابووریناسە بۆرژوازەکانن. لە بیست ساڵی ڕابردوودا ئەوان دەستیانکرد بە پۆزلێدان و شانازییکردن بەخۆیانەوە کە بەهیچ جۆرێك هەڵکشان و داکشانی ئابووریی ڕوونادادتەوە و سور و دەوریبوون[ی قەیران] کۆتایی پێهاتووە. ئەمە ڕاستییە کە لە تەواوی قۆناغی ڕابردوودا، بەدرێژایی چەندین دەیە، ئابووریناسە بۆرژوازەکان تەنانەت بۆ جارێکیش چییە پێشبینیی گەشەی ئابووریی یان داکشان و

سستبوونی ئابوورییان نەکرد .دەبێت باسی ئەوەش بکەین، ئەمە بۆ ئابووریناسە مارکسیستەکانیش ڕاستە. بەدرێژایی چەندین ساڵ من گوێبیستیی تیۆریگەلێکی سەروئاسایی زۆرێك لەلایەن ئابووریناسە زیرەکەکانەوە بووم کە دەڵێن دەتوانن پێشبینیی سوڕ[ی قەیران] بکەن. ڕێگەم بدەن پێتان بڵێت: خۆزگە قسەکانیان ڕاست بووایە و لە شوێنی تایبەتدا فۆرمولەکەیان بەمنیش دەگوت. دەتوانین پارەیەکی زۆر دروست بکەین. بەڵام حەیف دەبێت بڵێم تا ئەو شوێنەی بیرم دەکەوێتەوە سۆسە و گومانەکانی خودی خۆمان دەربارەی جوڵە دیاریکراوەکانی سوڕی ئابووریی لە زۆربەی کاتەکاندا هەڵە کەوتۆتەوە و ڕاست دەرنەچووە .

ئەمەش بەڕێکەوت نییە. ئابووریی زانستێکی دەقیق نییە. هیچ کاتێك نەبووە و هیچ کاتێکیش نایێت. زۆرترین کارێك ئەگەر بتوانین بیکەین شیکردنەوەی پرۆسە گشتییە بنچینەییەکان و گومانکردنی ڕۆشنبینانە لەسەر زەمەنی ڕووداوەکانە. وێرای هەموو ئەمانە، مافی ئەوەمان هەیە کەمێك بە ئابووریناسە بۆرژوازەکان پێبکەنین. ئەوان تیۆرییەکی نوێی سەیروسەمەرەیان هێنایە سەر مێزەکە کە بریتییە لە "گریمانەی بازاڕی کاریگەر" . بەڵام لەڕاستیدا ئەمە تیۆرییەکی زۆر زۆر کۆنە و هیچ شتێکی تازەی تێدا نییە. بەفیعلیی هەر ئەو ئایدیا کۆنەیە کە: "یێڵن بازاڕ خۆی ئیشی خۆی بکات و هەموو شتێك چارەسەر دەبێت. خۆی هاوسەنگیی دەهێنێتە ئاراوە. تا ئەو کاتەی دەوڵەت تەداخول نەکات و ئەم میکانیزمە زۆر جوانەی بازاڕ تێکنەدات، هەموو شتێك، درەنگ یان زوو، بەرەو باشتربوون دەچێت". جۆن مایناردی کینز وەڵامێکی زۆر بەناوبانگیی ئەم ڕوانگەیەی دایەوە: "درەنگ یان زوو، هەر هەمووومان دەمرین."

ناتوانم بەر بەخۆم بگرم و دوو ئیقیتیباس لە ئابووریناسانی هەنوکەیی بۆرژوازیی نەهێنمەوە، کە ئەمە داننانە بە شکست و مایەپووچبوونیان. بۆ باری ئایشنگرین ، مێژوونووسی دیاری ئابووری، دەنووسێت: "قەیران، بەشێکی گەورەی ئەو شتەی بردۆتە ژێر سایەی گومانەوە، کە سەبارەت بە ئابووریی دەمانزانی". و ئەمەش پاوڵ گروکمەن، کە لە ساڵی 2008دا، واتا ساڵی پار، خەڵاتی نۆبڵی ئابووری وەرگرت، دەنووسێت: "لە سی ساڵی ڕابردوودا، تیۆریی ئابووریی هەمووەکی

(ماکرۆئیکۆنۆمی) له باشترین حاڵەتدا تەواو بێ کەڵك و له خراپترین حاڵەتدا، بێگومان زیانبەخش بووه". ئەمەش لەو کەسانەوە: ئەوانەی دان بەوەدا دەنێن کە ڕۆحیشیان بەتەنها ئابووریی دەناسێت و ئاگای له هیچ شتێکی دیکه نییه .خەریکه هەموو سیستەم دەکەوێت. و ئێستا ئەوان دەیانەوێت به قسەکردن لەسەر "تیشکەکانی ئومێد" بارودۆخی خۆیان باش بکەن. وێڕای ئەمانە ئەگەر سەیری ئامارەکان بکەن دەبینن ئابووریی ئەمریکا ڕووله‌کەوتن و داڕمانه، بەتایبەت له کەرتی پیشەسازیدا. ئەگەری ئەم کەوتنه خێراییەکی کەمتری بەراورد بەڕابردوو هەیە.

## قەرز

من ئێستا ئاماری سندوقی دراوی نێودەوڵەتیم لەبەردەمە. بۆ ساڵی 2010 پێشبینیی بوژانەوەی ئابوورییان کردووه. ئەمه گومانێکه و ڕەنگه هەڵەش بێت، بەڵام بەهەرحاڵ، ئاماژه به ژماردنەکانیان دەکەم. ئەمەش دیمەن و ڕوانگەیەکی باڵای ئەوانه بۆ ساڵی داهاتوو[2010] : %08ی گەشه بۆ ئەمریکا؛ %1.7ی گەشه بۆ ژاپۆن (که ئەگەر شتێك لەسەر مێژووی ژاپۆن بزانن، دەزانن ئەمه ژمارەیەکی زۆر لاوازه)؛ %8.5ی گەشه بۆ چین (که سەرچاوەگەلێکی گەورەی خەرجی هەڵکشان و بەرزکردنەوەی خواست کردووه) و بەردەوامی کەوتنی %0.1ی گەشه بۆ یەکێتیی ئەوروپا .کەواته ئەوەی لێرەدا دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم دەکەین له باشترین حاڵەتدا زیندووکردنەوەی ئابووریی زۆر میانڕەوە که نەك لەگەڵ باشتربوونی ستانداردەکانی ژیاندا نایەتەوە، بەڵکو بریتییه له هێرشگەلی توندوتیژانه دژی ستانداردەکانی ژیان، دابەزینی تێچوون و خەرجییه دەوڵەتییەکان و بەرزکردنەوەی باج لەسەر شانی چینی کرێکار و چینی ناوەڕاست. ئایا ئەمه سیناریۆی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سەقامگیرییە؟ ئێستا ڕێگەم بدەن باسی مەسەلەی قەرز بکەم. ڕاستی بابەتەکه لێرەوەیه که بۆرژوازیی، بەتایبەت له ئەمریکا، به ڕادەیەك لەدەست کاریگەرییەکانی ئەم قەیرانه قوڵه تۆقیوە که بەردەوام له هەوڵی نائومێدکەرانەدا پاره و سەرچاوەکان دەڕژێنێته ناوەوە تا بەر به هەڵکشانی زیاتری ئەم قەیرانه بگرێت. بەگوێرەی ئاماری سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، قەرزی گشتیی تێکڕای ده وڵاتی دەوڵەمەندی دونیا تا ساڵی 2010 دەگات به %106ی تێکڕای بەرهەمهێنانی ناوخۆیی . ئەم ژمارەیه

له ساڵی 2007دت، 78% بوو. ئەمە واتا زیادەی قەرز بەدرێژایی سێ ساڵ بۆ زیاتر لە نۆ ترلیۆن دۆلار بەرز بووەتەوە. ئەمە باسی بارودۆخێکی نائاسایی دەکات. بارودۆخێکی ئاوا بەدرێژایی مێژوو هیچ پێشینەیەکی نەبووە. و بەڕاوەستاوییش نامێنێتەوە .هیتلەر لە دەیەی 1930دا، لەڕێگای بەرنامەیەکی بەرفراوانی خەرجی چەك و تەقەمەنییەوە ڕووی لە سیاسەتێکی لەمجۆرە کرد. ڕۆزڤێلت بەرەو نیو دەیل (پرۆژەی نوێ) ڕۆیشت، کە لەڕاستیدا، چارەسەری قەیرانی ئەمریکادا نەکرد. ئەو شتەی بێکاریی لە ئەمریکا چارەسەر کرد نیو دەیل نەبوو، بەڵکو جەنگی دووەمی جیهان بوو. ئەمە بۆ ئەڵمانیاش هەربەمجۆرەیە. هیتلەر ناچار بوو لە ساڵی 1938دا جەنگ بەرپا بکات لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم کارەی نەکردبایە ئابووریی ئەڵمانیا لێکهەڵدەوەشا. ئەمە هۆکاری سەرەکیی جەنگی دووەمی جیهان بوو: زەروورەتی حەتمییانەی سەرمایەداریی ئەڵمانیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەسەر شانی ئەوروپا.

هیتلەر بەم شتە خێرا و سادەیە چارەسەری کێشەکەی کرد: داگیرکردنی ئەوروپا و دەستبەسەرداگرتنی تەواوی سامانی فەڕەنسا و هەموو نەیارە ئیمپریالیستەکانی دیکە. بەڵام لە ئێستادا ڕوانگەی جەنگ لە ئەجێنداکەدا نییە . لەم ڕۆژانەدا، سەرمایەدارانی ئەوروپا لەکێبڕکێدان لەگەڵ ئەمریکا. کێ دەیەوێت دژی ئەمریکا بجەنگێت. تەنانەت خستنەڕووی ئەم پرسە لە گاڵتە دەچێت. لەژێر ئەم هەلومەرجەدا ناتوانین جەنگێکی جیهانیی ببینین. دیارە هەمیشە جەنگی بچووك بچووکمان دەبێت. عێراق جەنگێکی بچووك بوو. ئەفغانستان جەنگێکی بچووکە. جەنگێکی بچووکیش لە سۆماڵ هەیە. بەڵام جارێ هەواڵێك لەسەر جەنگێکی گشتیی لەنێوان زلهێزەکاندا هەیە.

گوتم ئەم ژمارانەی قەرز بێ پێشینەن، بەڵام دەبێت بڵێم بێ پێشینە لە ڕۆژگاری ئاشتیدا. جەنگ مەسەلەیەکی دیکەیە. دوای جەنگی دووەمی جیهان، قەرزی گشتیی بریتانیا، 250%ی تێکڕای بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بوو. و ئەمریکا زیاتر لە 100%ی تێکڕای بەرهەمهێنانی ناوخۆیی قەرزی هەبوو. ئەمە دەرەنجامی جەنگی دووەمی جیهان بوو. بەڵام ئەمانە ئەم قەرزانەیان بە باشترکردنی گەورەی ئابووریی دوای 1945 چارەسەرکرد. ناچمە نێو بەڵگەکانەوە، چونکە بەڵگەکانمان لە

بەڵگەنامەیەکی پێشوودا خستووەتەڕوو (پروانە: ئایا داکشانەوەیەکی ئابووریی دێت؟"  تید گرانت ."
قۆناغی بووژانەوەی ئابووریی دوای جەنگ نزیکەی سی ساڵ بەردەوام بوو (تا ساڵی 1974). بەڵام چیتر ئەم شتە لەئارادا نییە. هیچ کەس ئەمجۆرە ڕوانگەیەی نەخستووەتەڕوو. ئابووریناسە بۆرژوازەکان هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی پرۆسەی هەوڵدان بۆ دەرهێنان و ڕزگارکردنی خۆیان لەو گێژاوەی تێیکەوتوون، شتێکی درێژ و بەئازار دەبێت. مادام دوو بەرە ناتوانن جەنگ هەڵبگیرسێنن، دەبێت هەموو ناکۆکییەکان بەشێوازی ناوخۆیی و لە خەباتی چینایەتیی پرجۆش و خرۆشدا ڕەنگ بدەنەوە. ئەمە ڕوانگەیەکی واقیعییە بۆ قۆناغی دواتر .کەڵەکەکردنی ئابووریی قەرز بە مانای ساڵان و چەندین دەیە دابەزین و کەمبوونەوەی قوڵی خزمەتگوزارییەکان و سیستەمی زگهەڵگوشینی هەمیشەیی دێت. دەتوانین وەك جۆرە هاوکێشەیەك ئەمە بخەینە ڕوو: چینی باڵادەستی هەموو وڵاتان ناتوانن ئەو ئیمتیازانە بپارێزن کە لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا وەریانگرتووە، بەڵام چینی کرێکاریش ناتوانێت بەرگەی کەمبوونەوە و دابەزینی زیاتری ستانداردەکانی ژیانی بگرێت. لە وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوودا (وڵاتانی وەك سوید، سویسرا، نەمسا)، خەباتی چینایەتیی لەئارادایە. ئەم ڕوانگەیە بەدیدی ئێمە باشترین ڕوانگەیە.

### قۆناغی زگهەڵگوشینی تەواو

بەدرێژایی قۆناغی پەنجا ساڵە، بە بەرەکەتی گەشەی ئابووریی لە وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوودا (ئەوروپا، ئەمریکا، ژاپۆن، ئوسترالیا و هتد) چینی کرێکار و ڕێکخراوەکانی سەرکەوتووبوون لە داگیرکردنی هەلومەرجی ژیانیی لانیکەمی نیوەشارستان. ئەوان وەك شتێکی ئاسایی لەم هەلومەرجەیان دەڕوانی لەبەر ئەوە جگە لەمە هیچ شتێکی دیکەیان نەدەزانی. بەڵام پەنجا ساڵی ڕابردوو هەرگیز شتێکی ئاسایی نەبوو. ئەمە ئاوارتەیەکی مێژوویی بوو نەك دۆخێکی ئاسایی شتەکان لەژێر چەتری سەرمایەداریدا .بۆ نموونە سەیری پرسی مووچەی خانەنشینبوون بکەن. یەکەم کەس ئەم مووچەیەی دابینکرد، بیسمارك بوو. ئەم بۆناپارتیستە کۆنەپارێزە بە میهرەبانییەکی تەواوەوە بۆ هەموو تاکەکانی سەرو 70 ساڵیی، مووچەی خانەنشینی بڕییەوە. لەو

ڕۆژگارەدا لە ئەڵمانیا، ڕێژەی ماماناوەندیی ئومێد بۆ ژیان 45 ساڵیی بوو. بیسمارك لەڕاستیدا مرۆڤێکی زیرەك و وریا بوو! ئەمڕۆ کرێکاران لە زۆر وڵاتدا بە مافی خۆیانی دەزانن کاتێك لە تەمەنی 60 بۆ 65 ساڵی دەست لە کار هەڵدەگرن، مافی وەرگرتنی کەمێك پارەیان لە دەوڵەت هەبێت. وابیردەکەنەوە ئەمە ئاساییە و مافێکی ئۆتۆماتیکە. بەڵام ئاسایی نییە و مافێکی ئۆتۆماتیکیش نییە.

ئێستا بۆرژوازیی بە ڕاشکاویی دەڵێت: ئێمە چیتر دەرەقەتی ئەم کارانە نایەین. ناتوانین ئەم هەموو ئینسانە پیر و نابەرهەمهێنەرە بەخێو بکەین. کێشەکە ئەوەیە خەڵك زۆر دەژین. دەبێت کەمێك بەرانبەرمان میهرەبان بن و کەمێك زووتر بمرن! ڕێگەم بدەن ئیقتیباسێك لە سەروتاری ئیکۆنۆمیست لە 27ی حوزەیران بکەم: "بمانەوێت و نەمانەوێت، دەگەڕێینەوە بۆ جیهانی پێش-بیسمارکی. جیهانێك تیایدا کارکردن خاڵی وەستانی ڕەسمیی نەبوو". واتا بە دەربڕینێکی دیکە، کارکردن تا ساتی مردن.هێرش دەکەنە سەر مووچەی خانەنشینی و ئەم هێرشەش لە ئەمریکاوە دەستپێدەکات. سەرۆك کۆمار، ئۆباما، نوێنەری ماسکی پێکەنیناویی سەرمایەدارییە. پێکەنینی ئەم پیاوە هەمیشەییە و مرۆڤ بە بیر پروپاگەندە و ڕیکلامی مەعجوونی ددان دەهێنێتەوە. بەڵام ئەم ماسکە عاقڵ و پێکەنیناویی و جوانە زۆر زوو لادەچێت و لە پشتی ئەم ماسکە پێکەنیناوییەدا، خەڵك دەموچاوی ڕاستەقینەی وەحشی و سەرکەش و قێزەونی سەرمایەداریی دەبینن. مەسەلەکە پەیوەندیی بەسەر حەماقەت یان دڕندەییبوونی ئەوانەوە نییە (خۆ ئەگەرچی دڕەندە و وەحشیشن)، بەڵکو مەسەلەی زەروورەتی موتڵەقە. لەڕوانگەی سەرمایەدارییەوە، هیچ چارەسەرێك نییە جگە لەم کارە.

کاتێك دەڵێن ئێمە دەرەقەتی دابینکردنی ئەم چاکسازییانە نایەین، لەڕوانگەی ئابووریی بازاڕەوە خەریکن حەقیقەتێك دەدرکێنن: دەبێت خەرجییەکان ببڕدرێن، ببڕدرێن و ببڕدرێن، تەنانەت لە قۆناغی بووژانەوەشدا. بریتش ئایروەیز (British Airways) [هێڵی ئاسمانیی بریتانیا] بەم دواییانە داوای لە کرێکاران کردبوو بەخۆڕایی و خۆبەخش کاربکەن. دەیانگوت: "ناتوانین مووچەکانتان بدەین". لە کانوونی دووەمدا، یەکێتیی تیمستەرەکان کە بەشێکی بەهێزی چینی کرێکاری ئەمریکایە،

ڕێککەوتنی لەسەر کەمکردنەوەی 10%ی کرێ کرد .مرۆڤ لەمەوە بەچ ئەنجامێك دەگات؟ ئایا دەبێت بڵێین ئاستی ئاگایی لەخوارەوەیە و کرێکاران شۆرشگێڕ نین و ئەمجۆرە قسە قۆرە باوانە کە مرۆڤ لە ڕیڤیزیۆنیستەکان و فیرقەکانەوە دەیبیستێت؟ ئێمە ئەم جۆرە دەرەنجامانە نادەین بەدەستەوە. ئەمجۆرە شتانە ئاکامی حەتمیی ئەم قۆناغە هەنوکەییەن کە پیایدا تێپەڕ دەبین – تێپەڕین لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، قۆناغێکی تەواو جیاواز.

## شەپۆل و تۆفان لە کۆمەڵگادا

ئەو شتەی شیکردنەوەمان بۆ کرد پرۆسەیەکی سادە یان تاکە پرۆسەیەك نییە. هەر لەحاڵی حازردا گەلێك مانگرتنی بەڕادەیەك توندوتیژ خەریکن سەرهەڵدەدەن. داگیرکردنی کارگەکانمان بینیوە؛ نەك تەنها لە ئەمریکای لاتین، بەڵکو تەنانەت لە بریتانیاش بەر داگیرکردنی کارگەکان کەوتووین. حەفتەی ڕابردوو لە دورگەی وایت داگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی کارگەمان بینی. نازانم بەڕاست هاوڕێیانمان ناوی دوورگەی وایتیان بیستووە یان نا؟ دوورگەیەکی بچووکە لە کەناری باشووری بریتانیا کە پارەدارەکان دەڕۆن تا بە کەشتییەکانیان یاری بکەن، خەڵك بۆ پشووەکان دەڕۆن و پارتی کۆنزەرڤاتیڤیش بەردەوام بە زۆرینەیەکی گەورەوە [لەوێدا] دەیباتەوە. بۆ هاوڕێیانی ڤەنزوێلایی بەڕادەیەك وەك دوورگەی مارگریتا وایە، بە بواردنی ئەوەی لەوێ هەمیشە باران دەبارێت. جگە لەمە، هەموو شتێك وەك یەك وایە.

گوتوومە، حەفتەی پێشوو لە دوورگەی وایت داگیرکردنی کارگەمان هەبووە. ئەمە ڕاستییە و ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگریشە، بەڵام دەبێت زەینمان لەم بارەیەوە کۆ بکەینەوە. ئەگەر گوتوومە ئەمە وێنەیەکی گشتیی کرێکارانە لە بریتانیا، هەڵە دەبوو؛ ئەمە، لەم قۆناغەدا، وێنەیەکی گشتیی نییە. ئەو قۆناغەش دێت. کەچی هێشتا نەهاتووە. بەڵام ناکرێت هێڵی پەیوەندیی ئۆتۆماتیکی نێوان مانگرتنەکان و بەڕادیکاڵبوون بکێشرێت، کە دەشێت بە زۆر ڕێگای جۆراوجۆر پیشان بدرێت و دەربخرێت. مارکسیستەکان لەنێو دڵی قەیرانێکی قوڵدا ڕاستەوخۆ چاوەڕوانیی مانگرتنێکی گەورە

نین: شتێکی ئاوا تەواو ناواقیعییانەیە. ڕاستییەکەی لە ئێستادا ئاستی مانگرتنەکان زۆر لەخوارەوەیە: لە بریتانیا، ئیتاڵیا، فەڕەنسا، ئەمریکا. ئەمە کۆتایی مەسەلەکە نییە.

تۆفان و شەپۆلێکی گەورە لە کۆمەڵگادا هەیە. بەپێچەوانەی ڕابردووەوە، لە هەموو شوێنێکدا ئەوە سیستەمی سەرمایەدارییە دەبرێتە ژێرپرسیارەوە. ئێرە هەر ئێرە ناوچەی کاری ئێمەیە؛ ناوچەیەك تیایدا ئایدیاکان دەتوانن ئاسەواری گەورە بەجێبهێڵن. ئەمە گۆڕانە و گۆڕانێکی گرنگە. بێگومان ئەم دۆخە هەلومەرجێکی گونجاو بۆ گەشەی ڕەوتی مارکسیستیی خۆش دەکات. گوتم لە ئەمریکا لە ساڵی 1929 بۆ 1933 بەڕادەیەك هیچ مانگرتنێك نەبووە، بەڵام لە هەمان ئەو ساڵانەدا پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکا بەخێرایی گەشەیکرد، بەتایبەت لەنێوان بێکاران و ڕەشپێستەکاندا.

## "جیهانی سێیەم"

ئەوەی دەربارەی وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوو ڕاستە، دە بەرابەر زیاتر دەربارەی "جیهانی سێیەم" ڕاستە. من هیچ حەزم لە دەستەواژەی "جیهانی سێیەم" نییە. پێموایە دەستەواژەیەکی تەواو نازانستییە، بەڵام هیچ بەدیلێکی ئەو وشەیەشم پێ نییە. مەبەستمان لێرەدا بەشێکی ئاسیا، ئەمریکای لاتین، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقایە .مارکس دەیگوت هەڵبژاردنی مرۆڤایەتیی لەنێوان سۆسیالیزم یان بەربەریزم دایە و ئێستا ئەمە بەمانای دەقیقی وشەکە، بەمجۆرەیە. بەشی باشووری سەحرایی ئەفریقا تەنانەت لە سەردەمی بووژانەوەی ئابووریشدا کابووسێکی پێرفێکت بووە: جینۆسایدی ترسناك لە ڕەواندا، جەنگی ناوخۆیی ترسناك لە کۆنگۆ، کە هیچ کەسێکیش تەنانەت وشەیەکی لەسەر نەدەگوت و تیایدا لانیکەم پێنج بۆ شەش ملیۆن کەس کوژران. ئێستا جەنگێکی وەحشیگەرایانەش لە سۆماڵ ئامادەیە . بەم دواییانە یەکێك لە ستراتیژیستەکانی ئەمریکا گوتوویەتی: "ئێوە هەمووتان نیگەرانی ئەفغانستانن، بەڵام دەبێت زیاتر نیگەرانی پاکستان و سۆماڵ بن، کە بە وەرچەرخانێکی هاوشێوەدا دەڕۆن ."بەڵام تەنانەت لە ئەفریقاش وڵاتانێکی سەرەکی هەن چینی کرێکاری بەهێزیان هەیە: میسر، نێجیریا... لەم وڵاتانەدا گەلێك خۆپیشاندانی گەورەمان

هەبووە. بەڵام وڵاتی سەرەکیی لە ئەفریقای ڕەشپێست، ئەفریقای باشوورە. پارتی کۆنگرەی نەتەوەیی بەهۆی خیانەت و فرۆشتن و بەبوکبردنی هەموو خەڵکی، گەیشتە دەسەڵات. جەماوەری کرێکارانی ڕەشپێست زۆر بەقورسی لەم مامەڵەیەدا دەستیان بەشتێك گەیشت. تەنها ڕووداوێك هاتبێتە پێشەوە ئەوە بوو بۆرژوازیی ڕەشپێست و چینی ناوەڕاستی ڕەشپێست چووە پاڵ چەوسێنەرانی سپیپێست و بەشی بۆرژوازیی پارتی کۆنگرە تابو ئەمبیکی بوو. ئەمبیکی ستالینیست بوو و پاشان بوو بە بۆرژوایەکی پێرفێکت و لە ئەنجامدا لە کۆنگرە بە ئاشکرا درزی تێکەوت .قەیرانی ئابووریی ئاسەوارێکی خراپی لەسەر ئەفریقای باشوور بەجێهێشتووە لەکاتێکدا ئەم وڵاتە 17 ساڵە قەیرانی نەبینیوە. ئێستا بێ بازاڕیی قووڵی ئابوورییان هەیە، ڕێژەی ڕەسمیی بێکاریی 23.5ـە و ڕێژی ڕاستەقینە لەمانەش زیاترە.

زۆما شوێنی ئەمبیکی گرتەوە و ڕوون و ئاشکرا بوو جەماوەرانی کرێکاری ڕەشپێست وابیریان دەکردەوە زۆما دەبێتە چەپ و واپڕیارە بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی ئەوان بکات. بەڵام حەفتەی ڕابردوو مانگرتنێکی گەورە سەرتاپای ئەفریقای باشووری گرتەوە. لە کرێکارانی پاسەوە دەستیپێکرد بەڵام لە دوو شەممە و سێ شەممەی ئەم حەفتەیەدا مانگرتنی گەورەتر هەموو شارە گەورەکانی ئەفریقای باشووری گرتەوە. نەك تەنها پاسەکان، بەڵکو عەیادەکان، ئەفسەرانی ڕێنمایی و شۆفێری، کتێبخانەکان، پارکەکان، کەرتی گشتیی بەشێوەیەکی گشتیی. یەکێتییە کرێکارییەکانی شارەوانییەکان داوای 15%ی بەرزکردنەوەی کرێ دەکەن. واپێدەچێت بە خواستەکانی بگات. بەڵام پێکدادانەکان لەگەڵ پۆلیسدا، بەرەکان سەریانهەڵداوە و پۆلیس، تەقە لە کرێکاران دەکات. لانیکەم 13 کرێکار لەم پێکدانانەدا بریندار بوون و ئەم ژمارەیە بەردەوام بەرز دەبێتەوە. بزووتنەوەی شۆرشگێر ئێستا بەرەو وڵاتی سەرەکیی ئەفریقا، واتا ئەفریقای باشوور، فراوان دەبێت و هەڵدەکشێت .زۆر باسی ئەمریکای لاتین ناکەم چونکە قسەمان زۆر لەسەر کردووە. ئەم ناوچەیە هێشتا بەشێکی زۆر سەرەکیی شۆرشی جیهانییە. لە ڤەنزوێلا شۆرش زیاتر لە دە ساڵ درێژەی کێشاوە و ئەمە بارودۆخێکی بەرچاو و حاشاهەڵنەگرە. لە تەواوی مێژوودا بارودۆخێکی هاوشێوە نابینینەوە ئەم

هەمووە درێژەی کێشابێت. بەڵام لێرەدا کێشەکە، کێشەی ڕێبەرایەتییە. هۆگۆ چاڤێز پیاوێکی زۆر ئازا و ڕاستگۆیە، بەڵام خەریکە بە بەرکەوتنی ئەزموونیانە دەچێتە پێشەوە، کە ڕەنگە وابچێتە پێشەوە بەرنامەکەی تێکبچێت. ئەو دەیەوێت هاوسەنگیی لەنێوان چینی کرێکار و بۆرژوازییدا دروست بکات. ئەمەش مەحاڵە. کاری نەکردەیە .ئەو بۆ ماوەیەکی زۆر بەهۆی پێگەی ئابوورییەوە دەیتوانی ئەم کارە بکات. وەك لینین دەڵێت، سیاسەت، ئابووریی شاراوەیە. نرخی بەرزی نەوت، ڕزگاری کردن. توانیان ئیمتیاز پێشکەش بکەن، چاکسازیی بکەن، مسیۆن (فەرمانبەری بەرپرسی ئەنجامدانی کارێك) بنێرن و هتد، بەڵام ئیتر ئەمانەش تەواو بوون. نرخی نەوت دابەزیوە. کەمێك سەرکەوتۆتەوە، بەڵام بەس نییە. بەگوێرەی هەندێك ژمارە کە من بینیومە، هەڵاوسانەکە نزیکەی لە 30%ـە. ئەمە واتا دابەزینی کرێی ڕاستەقینە. زۆرێك لە پرۆژەکانی خۆشگوزەرانی خەریکن دەپردرێن و بێکاریی ڕووی لە هەڵکشان کردووە.

گومانم نییە کرێکارانی ڤەنزوێلا هێشتا وەفایان بۆ چاڤێز هەیە، بەڵام هەر لێرەوە گومانم نییە زۆرێك لە کرێکاران، تەنانەت چاڤێستە دەست لەسەر سینەکانیش، خەریکن بەخۆیان دەڵێن و بیر دەکەنەوە ئەمە ئیتر چ جۆرە شۆڕشگێڕێکە؟ ئەمە ئیتر چ جۆرە سۆسیالیزمێکە؟ ئەرێ دەمانەوێت چارەسەری کێشەکان بکەین یان نا؟ و ئەمە بێگومان لەناوەوەی پارتی سۆسیالیست، پی. ئێس. ی. ڤی (پارتی سۆسیالستی یەکگرتووی ڤەنزوێلا)دا ڕەنگدەداتەوە، کە لە پایزدا کۆنگرەکەی دەبەستێت .ئەم پارتە تەواو بەبیرۆکراتیی بووە و ڕێبەرییەکەی کەوتووەتە ژێر دەستی ڕیفۆرمیستەکانەوە، بەڵام زەخت و فشار لە خوارەوە دەبینین. دووجەمسەربوونێکی بەهێز لەنێوان چەپ و ڕاستی ناو ڤەنزوێلادا هەیە و ئەم دووجەمسەربوونە (polarization)دەبێت خۆی لەنێو بزووتنەوەی بۆلیڤاریدا دەربخات. و دەبێت ئەمە هەلومەرجێکی زۆر گونجاو بێت بۆ ڕەوتی مارکسیستیی.

دەتوانن ئەوە ببینن کاتێك ئێمە هەمیشە پێداگریمان لەسەر ڕۆڵی سەنتەریی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەکردەوە، چەندە بەڕاست و دروستی قسەمان دەکرد. ئێمە گوتمان لە ئەفریقای باشووردا بزووتنەوە لەڕێگای کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا و پارتی کۆمۆنیستی ئەفریقا و دیارە

یەکێتییە کرێکارییەکانی کۆساتو(COSATU) ـەوە دەچێتە پێشەوە. کەمێك درەنگ ڕوویدا و بەهۆی پێگەی ئابووریی گشتییەوە لەنێو پرۆسەکاندا ڕوویدا. دەبێت ئارام و لەسەرخۆ بین. لە ئەفریقای باشووردا دەبینین ڕوانگەکانمان خەریکن لەبەرچاوانماندا ڕوودەدەن .لە ڤەنزوێلاشدا هەر بەمجۆرە دەبێت، چونکە هاوڕێیانمان کارێکی سەیر و سەمەرەیان لە ڤەنزوێلا ئەنجامداوە و بەهێزیی تیۆرییان لەگەڵ نەرمنواندنێکی پێویستیی تاکتیکیدا تێکەڵ کردووە و هەمیشە پێداگرییان لەسەر ڕۆڵی بزووتنەوەی بۆلیڤاری و پارتی سۆسیالیستیی یەکگرتوو کردووە. پێموایە لە یەك دوو ساڵی داهاتوودا بنەماکانی ئۆپۆزیسیۆنی جەماوەری چەپی ناو پارتی سۆسیالیستی یەکگرتوو ئامادە دەبێت و ئێمەش بەشداریی تێدا دەکەین و وادەکەین ئەوان باوەڕ بە ئایدیاکانی مارکسیزم بهێنن.

لە مەکسیکیشدا دیسان گرنگیی ڕێبەرایتیی دەبینین. لە ساڵی 2006 ئەوەندە بەس بوو لۆپێز ئۆبرادۆر پەنجەی بچووکی بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی شۆڕشی سۆسیالیستیی سەرکەوتوو لە مەکسیکدا ببینین؛ ملیۆنان کەس ڕژابوونە سەر شەقامەکان. بەڵام لۆپێز ئۆبرادۆر هەر ئەو کەسەیە کە هەیە و لە ئەنجامدا پێموایە زیاتر لە بزووتنەوەکە دەترسا نەك تەنانەت لە کالدرۆن و هەوڵیدا برێکی بزووتنەوەکە ڕابکێشێت و ستۆپی پێ بگرێت. و سەرەنجام لۆژیکییە خەڵك نائومێدن و سەراسیمە. لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا، پارتی شۆڕشی دیموکراتیی (PRD) کەوت و پارتی کۆنی پی. ئاڕ. ئای (پارتی شۆڕشی بنچینەیی) ڕووبەڕووی پشتیوانییەکی گەورە بووەوە.

ئایا ئەمە بەمانای ئەوەیە کرێکارانی مەکسیك کۆنەپارێز بن یان لەناکاو بوونەتە کۆنزەرڤاتیف و موحافەزەکار؟ دەبێت لە سایکۆلۆژیای کرێکارانی مەکسیك تێبگەین. ئەوان پشتیوان و لایەنگری پارتی شۆڕشی دیموکراتیی بوون، پشتیوانیی لۆپێز ئۆبرادۆر بوون، بەڵام لە مەکسیك قەیرانێکی ئابووریی زۆر قوڵ دەبینین. سەرجەمی ناوچەکانی مەکسیك وابەستەیە بەو کۆچەرانەی لە ئەمریکا کار دەکەن (ئەمە لە ئەمریکای ناوەندیدا تەنانەت زیاتر ڕاستە، هەروەکچۆن لە هۆندۆراس یان ئال سەلڤادۆردا بینری). کاتێك ئەم کرێکارە کۆچەرانە دەردەکرێن، ناتوانن پارە بۆ خێزانەکانیان بنێرن. ئەمە ترسناکە. ئەمە تۆفان و شەپۆلەکانی هۆندۆراس ڕوون دەکاتەوە. هەر ئەم شەپۆل و تۆفانانە لە

سەرجەمی ئەمریكای ناوەندیدا دەبینینەوە .بەڵام كرێكاران مرۆڤگەلێكی زۆر پراكتیكین. كرێكاری مەكسیكیی چاو لە پارتی شۆڕشی دیموكراتیی و سەركردەكانی دەكەن و دەڵێن: "ئەوانیش سەرخۆشن و كار ناكەن. من دەمەوێت نان بخۆم. كارم دەوێت. پی. ئاڕ. ئای كە لە دەسەڵاتدا بوو دەمانزانی شەلاتیی گەندەڵن، بەڵام لانیكەم شتێكیان پێدەدام بیخۆم، كارم هەبوو". بەمجۆرە بوو زۆرێك دەنگیان بەم پارتە دا بۆ ئەوەی ببینن كارێكیان بۆ دەكات یان نا. بێگومان ئەوان هیچ كارێك ناكەن و پی. ئاڕ. ئای زۆر زوو خۆی بێ متمانە دەكات. پی. ئاڕ. دی (پارتی شۆڕشی دیموكراتیی) لەسەر بنەمای جوڵەی زیاتر بەرەو چەپ، زیندوو دەبێتەوە.

**مەترسیی فاشیزم**

لەم كاتەدا – كاتی ڕاگوزەر (انتقالی) – هەموو جۆرە ناكۆكییەكان دەبینین. نەك تەنها لە ئەمریكای باشوور، بەڵكو لە ئەوروپا و هەروەها بەشێوەیەكی گشتی. لە هەڵبژاردنەكانی ئەم دواییانەی ئەوروپا، سۆسیال دیموكراتەكان بە قورسی شكستیان هێنا، و لە هەندێك وڵاتدا ڕاستگەرا توندڕەوەكان پشتیوانیی زۆریان بەدەستهێنا. دەزانین گروپە ئۆڵترا چەپەكان گەلێك كێشەی سایكۆلۆژیی جددییان هەیە. ئەمان تیك (جوڵەی نائاسایی ئەندامەكان)ی عوسابیی (نێرڤس)یان هەیە و هەركاتێك پارتە ڕاستگەرا توندڕەوەكان كەمێك دەنگی زیاتر بەدەستبهێنن، هاواریان بەرزدەبێتەوە: "فاشیزم، فاشیزم، فاشیزم ."!ئەمانە قسەی پروپووچی شێتانەن. پەیوەندییە بەرانبەرەكانی هێزە چینایەتییەكانی هەموو وڵاتان هەموو جۆرە ئەگەرێكی فاشیزمی لەم قۆناغەدا لەنێو بردووە. بەر لە جەنگ لە وڵاتانی وەك ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و تەنانەت ئیسپانیا، چینی كرێكار كەمینە بوو. تەنانەت لە ئەڵمانیا دانیشتووانێكی گەورەی جووتیار بوونیان هەبوو زۆر بەئاسانی بەرەو بەڵگە و قسە دێماگۆگ و خەڵك خڵەتێنانەی ڕاستگەرای توندڕەو و پارتە فاشیستییەكان ڕادەكێشرا. تەنانەت لە فەڕەنساش پێش جەنگ بارودۆخ هەر بەمجۆرە بوو. بەڵام ئەمانە ئیتر تەواوبوون و ڕۆیشتن. دانیشتووانی جووتیار بەڕادەیەك لە زۆرینەی وڵاتانەی ئەوروپا نەماوە و چینی كرێكار ئێستا زۆرینەی گەورەی كۆمەڵگا پێكدەهێنێت.

لە دەیەی 1930دا، خوێندکارانی هەموو وڵاتان لە کوڕانی دەوڵەمەندان بوون (لەو ڕۆژگارەدا کچانێکی زۆر کەم دەچوونە زانکۆ). زۆرینەی ئەمان کۆنزەرڤاتیف (موحافەزەکار) بوون و ژمارەیەکی گەورەشیان فاشیست و نازیی بوون. لە بریتانیای ساڵی 1926دا خوێندکاران مانگرتنەکانیان دەشکاند واتا شکستیان بە مانگرتنەکان دەهێنا. لە ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و نەمسا زۆرینەی خوێندکاران فاشیست بوون. ئایا ئێستاش بەمجۆرەیە؟ ناوی یەك وڵاتی جیهان بهێنن خوێندکاران لەژێر دەسەڵات و هەیمەنەی فاشیستەکاندا بن. بەپێچەوانەوە. بەڕادەیەك لە هەموو وڵاتان خوێندکاران چەپ و تەنانەت شۆڕشگێرن .شتێکی پێکەنیناوییە ئەگەر بەهەمان سیاق و ستایلی دەیەی 1930 قسە لەسەر فاشیزم بکەین. فاشیستەکان لەهەر شوێنێکیش بن بەگشتیی ڕێکخراوگەلی بچووکن. دەتوانن زۆر دڕندە و توندوتیژ بن، بەڵام ئەگەری گرتنەدەستی دەسەڵاتیان نییە. هەرچۆنێك بێت چینی حاکم تەنها کاتێك بەئاشکرا دەچێتە باوەشی کۆنەپارێزییەوە ئەگەر چینی کرێکار چەندین شکستی زۆر گەورە و لەپشتەوەیان بەرکەوتبێت. ئەمە دەربارەی ئەڵمانیا دروستبوو، دەربارەی ئیتاڵ دروستبوو، و دەربارەی ئیسپانیای قۆناغی 1919-1939ش دروست بوو. لە ئەنجامدا ماوەیەکی زۆر پێش ئەوەی پرسی کۆنەپارێزیی دەربکەوێتەوە، کرێکارانی ئەوروپا و ئەمریکای لاتین چەندین جار هەوڵیانداوە دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. هەلومەرجی واقیعی بەمجۆرەیە.

دەکرێت بگوترێت لە بۆلیڤیا بزووتنەوەی فاشیستیمان هەیە. لانیکەم فاشیستەکان لە بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنە ڕاستگەراکاندا دەرگیرن. چینی کرێکاری پاڵەوانی بۆلیڤیا لە چەند ساڵی ڕابردوودا لانیکەم دوو جار دەرفەتی ئەوەی هەبووە بە ئاسانی دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت. ئەگەر دەسەڵاتیان بەدەستەوە نەگرتووە ئەوە کەمتەرخەمی ئەوان نەبوو بەڵکو دەرەنجامی سەرلێتێکچوون و بێ توانایی ڕێبەرایەتییەکەیان بوو. کرێکارانی بۆلیڤیا دوو جار یاخیبوونیان بەرپا کردووە. دوو حکومەتیان لەناوبردووە. پرسیارەکەی من ئەوەیە ئیدی دەکرێت چ داوایەکمان لە کرێکارانی بۆلیڤیا هەبێت؟ ئیدی دەبێت چ کارێك بکەن؟ بەڵام ئەوان هەرەسیان هێنا، چونکە ڕێبەرایەتییەکی ڕوونی

بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتیان نەبوو .دەرەنجامی ئەمەش حکومەتی ڕیفۆرمیستی ئیڤۆ مۆرالیس بوو. ئەمە قۆناغێکی خەباتی چینایەتیی توندی لە بۆلیڤیا دەستپێکردووە کە هێشتاش تەواو نەبووە. دامەزراندنی ڕێبەرایەتییەك بەستراوەتەوە بە توانای مارکسیستەکانی بۆلیڤیا و من زۆر بەوە دڵخۆشم ڕایبگەیەنم ڕەوتی مارکسیزمی ئەنتەرناسیۆنال بەم دواییانە ئەندامێتیی دوو ڕێکخراوی زۆر گرنگی قبوڵکردووە: ڕێکخراوی ئێمە لە بۆلیڤیا و ڕێکخراوی ئێمە لە مەراکیش.

**پەیوەندییە جیهانییەکان**

هاوڕێیان بارودۆخی گشتیی جیهان ئێستا کەوتۆتە نێو ئاوە پڕ تۆفان و شەپۆلاوییەکانەوە. ئێستا ئەمریکییەکان دەیانەوێت لە عێراق بڕۆنە دەرەوە. ئۆباما "پیاوی ئاشتیی"یە و بۆ ئەمەش دەیەوێت هێزەکانی لە عێراق بهێنێتە دەرەوە و بیانبنێرێت بۆ ئەفغانستان. دەزانن ئەگەر من سەربازێکی ئەمریکایی بام لە بەغدا پێم وایە پێم باش دەبوو هەر لە بەغدا بمێنمەوە! ئەوان ناتوانن جەنگ لە ئەفغانستان ببەنەوە و پاکستانیشیان ناسەقامگیر کردووە.لە کۆمیسیۆنی جێبەجێکردنی ئەنتەرناسیۆنال سەبارەت هۆندۆراس لێکۆڵینەوەیەکمان هەبوو و ڕوونە چینی باڵادەستی ئەمریکا درزی تێکەوتووە. ڕوونە ڕێکخراوی سی ئای ئەی و ئەم مافیا کۆنەپارێزە خەریکی کودەتا بوون لە هۆندۆراس. بەڵام ئەمە بۆ ئۆباما گونجاو نەبوو. سیاسەتی دەرەوەی ئەو جیاوازە و بەراورد بە کەسی پێشووتر "زیرەکانەتر"ـە. جۆرج بۆش نوێنەرێکی زۆر دەبەنگ بوو بۆ سەرمایەداریی ئەمریکیی. پێموانییە بەهەموو تەمەنی کتێبێکی خوێندبێتەوە. لەوانەیە تەنها کتێبی پیرۆزی خوێندبێتەوە و ئەویش پێموایە لە بەشی یەکەمی سیفری پەیدابوونەوە تێنەپەڕیوە. ئەگەر بکرێت لەتەنیشت جۆرج بۆش بووەستی و گوێی تاقی بکەیتەوە، دەبینی تیشکی خۆر لەلایەکی دیکەوە دەردەکەوێت! ئەو نوێنەری دەبەنگترین و کۆنەپارێزترین بەشی چینی باڵادەستی ئەمریکا واتا مافیای تکساسە. و ئەوان هێشتاش کاریگەرییان زۆرە.

بۆش دەیویست موشەکە ناوکییەکان لە کۆماری چیك و پۆڵەندا بەکار بهێنێت و ڕووسیاش زۆر لەم بارودۆخە ناڕەحەت بوون. نازانم چی بوو ئەوان پێیانوابوو ئاراستەی ئەم موشەکانە ڕووی لەخۆیانە! جۆرج بۆش دەیگوت نەخێر نەخێر نەخێر، ئاراستەی ئەم موشەکانە دژی ڕووسیا نییە. نیگەران مەبن، دژی ئێرانە. بیر لەوە بکەنەوە مرۆڤ موشەك لە پۆڵەندا دابنێت بۆ ئەوەی ئێران بکاتە ئامانج! ئەم قسانە دەبەنگانەن و ڕووسەکان تووشی شۆك بوون. گوتیان ئیتر واز لەم قسانە بێنن. و کاتێك جۆرجیایان داگیرکرد خاڵەکەی خۆیان تەواو بە نەرمی دەربڕی. بە ئەمریکاییەکانیان گوت: "تا ئێرە هاتن، ئیتر بەسە."

ئۆباما بۆ دیداری مێدڤێدیڤ، سەرۆك کۆماری ڕووسیا، ڕۆیشت و پێکەنینی مەعجونە ددانییەکەی خۆیشی لەگەڵ خۆیدا برد. دیارە لەڕاستیدا ئەو هیچ کارێکی بە مێدڤیدێڤ نەبوو و قسەکان لەگەڵ پۆتین بوو. مێدڤیدێڤ دەستنیشانکراوی پۆتینە. ئەو پێکەنینەکەی تاقیکردەوە و ئاسەوارێکی نەبوو. پۆتین گوتی بەڕێز سەرۆك کۆمار بێ هۆ پێکەنی و ئەم موشەکانە لە پۆڵەندا بەرە دەرەوە. و ئەوان ناچارن ئەم کارە بکەن – کارەکەشیان کرد. ئەمە نیشانەی بەرتەسکبوونەوە و سنووردارێتییەکانی دەسەڵاتی ئیمپریالیستیی ئەمریکایە .ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشانەیەکە بۆ گەمژایەتیی سیاسەتی بۆش. تەنها کارێك توانیێتیان بە سەرکەوتوویی ئەنجامی بدەن ناسەقامگیرکردنی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. هەموو ڕژێمە پرۆ-خۆرئاواییەکان کەوتنە جوڵە. عەرەبستانی سعودیە بەندە بە جوڵەیەکەوە. میسر هەروەها. لوبنان هەروەها. ئوردن و مەراکش. هەروەها ئەم نوخبە باڵادەستانە تۆقین لەو خۆپیشاندانانەی لە ڕۆژگاری جەنگ لە غەززە سەریهەڵدا.

لە کانوونی دووەمدا وتارێکم لەسەر جەنگی غەززە نووسی. ئەمە پێش هەڵبژاردنی ئۆباما بوو. من لەو وتارەدا پێشبینیی ئەوەم کرد کە ئۆباما لەگەڵ هەڵبژاردنیدا بۆ دەرچوون لە عێراق ڕاستەوخۆ بەدوای گەیشتن بە مامەڵە لەگەڵ سوریا و ئێراندا دەڕوات. ڕێك و ڕاستیش ئەمە ڕوویدا. هەروەك گوتم بەشێك لە هۆکاری داگیرکردنی غەززە ئاگارکردنەوەی ئۆباما بوو لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە: "لەبیرت بێت ئێمە لێرەین. بیر لەوە مەکەرەوە لەپشتی ئێمەوە مامەڵە لەگەڵ کەسدا بکەیت". لەبەر

ئەوەی ئێران و سوریا لە بەرانبەر بە هاوکاریکردنی ئەمریکا شتگەلێکیان دەوێت. "ناتوانیت بەبێ ڕێگەدان لەلایەن ئێمەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ کارێك بکەی" و ئەمەش ڕاستییە .ئۆباما حەزدەکات لەگەڵ فەڵەستینییەکاندا مامەڵە بکات لەبەر ئەوەی کۆمەك بە هاورێکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات و ئەمەش سوودێکی زۆری بۆ ئەو هەیە. بەڵام ئیمپریالیستەکانی ئیسرائل بەرژەوەندییگەلی خۆیان هەیە و ئامادەی مامەڵە نین. ناتانیاهۆ دەڵێت: "باشە، مامەڵەکە قبوڵ دەکەین"، بەڵام لە بەرانبەردا هەلومەرجێك دەخاتەڕوو کە فەڵەستینییەکان هیچ کاتێك ناتوانن قبوڵی بکەن و بەرگەی بگرن. ئەوان دەیانەوێت بەفیعلیی ئەوان لەچەك دابماڵن و دەسەڵاتی ئیسرائیل قبوڵ بکەن .ئەمە چجۆرە دەوڵەتێکە؟ ئەمە چ جۆرە سەربەخۆییەکە؟ گفتوگۆ ناسراوەکەی مارلین براندۆم لە فیلمی "زرباوك"دا بیردەکەوێتەوە: "پێشنیارێکم بۆ کرد نەتوانێت ڕەتی بکاتەوە". دیارە ئەمجارە بەپێچەوانەوەیە. ناتانیاهۆ دەڵێت: "پێشنیارێکم بۆ کردن نەتوانن قبوڵی بکەن". هەموویان مافیان. بەڵام دیپلۆماسیی بۆرژوازیی هەربەمجۆرە کار دەکات. و ئەو قسەیە دووبارە دەکەمەوە کە جارەهای جار گوتوومە: کێشەی فەڵەستین لەسەر بنەمای سەرمایەداریی چارەسەر ناکرێت.

**ئێران**

ڕووداوەکانی ئێران بۆ خەڵکێکی زۆر موفاجەئە بوو. لەڕوالەتدا هەورەتریشقەیەك بوو لە ئاسمانی ساماڵدا. بەڵام گۆڕانە لەناکاو و خێراکانی لەم چەشنە هەمیشە لەنێو بارودۆخدا هەن. لە ڕووداونووسییە ئەنتەرناسیۆنالەکانی ئێمەدا ئەم ڕووداوانە لە پێشەوە پێشبینیی کرابوون. ئەویش ئێستا نا، بەڵکو دە ساڵ پێش ئێستا لە ڕۆژگاری یەکەم بزووتنەوەی خوێندکاراندا .من لەو ڕۆژگارەدا وتارێکم نووسی بەناوی "یەکەم تۆوەکانی شۆڕشی ئێران" و ئێستاش بەشی دووەمی دەخەینە ڕوو. هاورێیان سەیر بزووتنەوەیەکی بێ وێنە! ئیلهامبەخش بوو. دوای سی ساڵ دڕەندەترین و خوێناویترین دیکتاتۆرییەت، ڕژێمێکی دێوئاسا لەسەر بنەمای پێکهاتەی کۆنەپارێزیی توندڕەو و فەناتیزمی ئایینی بە سوودوەرگرتن لە تەواوی ئامرازی سەرکوت، کوشتن، ڕفاندن و ئەشکەنجەدان، سەرهەڵدانی تەقینەوەی جەماوەرمان بۆسەر شانۆی مێژوو بینی.

ئەمە وەڵامی کۆتاییە بۆ هەموو نائومێد و ڕەشبینەکان، گاڵتەجاڕەکان، مارکسیستەکانی پێشوو، کۆمۆنیستەکانی پێشوو و هەموو ئەوانەی ئەگەری سەرهەڵدانی بزووتنەوە شۆڕشگێرییەکانی ئەم سەردەمەیان بردبووە ژێر پرسیارەوە. وێرای هەموو سەرکوتێکی مەترسیدار و وەحشیانە، یەك ملیۆن کەس ڕژانە شەقامەکانی تارانەوە. لەوانەشە دوو ملیۆن بووبێت. بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێریی سەرسورهێنەر بوو. و بەم حاڵەشەوە هێشتا دەبینی بەمانایەك چەپەکان و بە مانایەك مارکسیستەکانی وەك جەیمس پیتراس دەردەکەون هەڵەیەکی زۆر بچووك دەکەن: ناتوانن جیاوازیی لەنێوان شۆڕش و دژە-شۆڕشدا بکەن.

لینین چوار مەرجی شۆڕشی شیکردۆتەوە. ئێمە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە و دووبارەش ئاماژەی پێدەکەینەوە. مەرجی یەکەم ئینشیقاق و جیابوونەوەیە لە سەرەوە واتا ئینشیقاق و جیابوونەوە لە چینی باڵادەستدا: چینی باڵادەست چیتر ناتوانێت بە میتۆد و ڕێگاکانی ڕابردوو حوکمڕانیی بکات. سی ساڵە خەڵکی ئێران بەدەست حکومەتێکی وەحشیانە و دڕندەوە دەناڵێنن کە تەنانەت بچووکترین وردەکارییەکانی ژیانی خەڵکیش سەرکوت دەات. مەلاکان دەیانەوێت شێوازی بیکردنەوەی خەڵك، شێوە کاری خەڵك و کارەکانی خەڵك و جلوبەرگیان کۆنترۆڵ بکەن. ئێران وڵاتێکی زۆر گەندە و وڵاتێکی زۆر گەورەیە و 70%ی دانیشتووانەکەی لەژێر سی ساڵییەوەن و ئەوان هیچ ڕژێمێکی دیکەی جگە لەم ڕژێمەیان نەبینیوە. و دوای سی ساڵ، جەماوەر لە مەلاکان بێزارن.

ئایەتوڵڵا خومەینی خۆی وەك "پیاوێکی پاك" دەردەخست کە نەیار و دوژمنی گەندەڵییە ترسناکەکانی شا و دارودەستەی پرۆ-ئیمپریالیستەکانی ئەوە. لەڕاستیدا با لەبیرمان نەچێت بڵێین ئەمە بەمانایەك دیموکراتە خۆرئاواییە ڕیاکارە گەندەڵەکان و خۆشحاڵەکانن. لە ساڵی 1953دا تەنها کاتێك بوو لە مێژووی ئێراندا حکومەتێکی بۆرژوا دیموکرات بەڕێبەرایەتیی کەسێکی لیبراڵ بەناوی محەمەد موسەدەق بێتە سەر کار. لەو ڕۆژگارەدا گانگستەرە ئیمپریالیستەکان دەیانویست کۆنترۆڵی سامانی نەوتی وڵاتەکە بکەن. بریتانیا و ئەمریکا و ڕێکخراوی سی ئای ئەی، موسەدەقیان

لەسەر کار لابرد و دیکتاتۆریی دڕندە و وەحشیی شایان دانا کە یەکێك بوو لە خوێنمژترین دیکتاۆتۆرەکانی هەموو سەدەی بیستەم .ڕژێمی شا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و بێزارکەرانە گەندەڵ بوو. لەم وڵاتەدا وێڕای نەوتە زۆرەکەی کەچی خەڵك برسیی بوون و ئەوکاتەش شا لە نمایشە گشتییەکاندا ڤێزەونترین ئارایشتی دەکرد و خۆی نقومی ئەم ڕازاندنەوە ئاڵوواڵایانە کردبوو. شا دەزگایەکی سەرکوتکەری گەورەی هەبوو، یەکێك لە گەورەترین سوپاکانی جیهان، پۆلیسێکی نهێنیی ناسراو بە ساواك کە کۆنتڕۆڵی هەموو لایەنەکانی ژیانی دەکرد و ئەوانیش زۆر کاریگەر بوون هەروەك گیشتاپۆ. ڕێ و ڕەسمی بچووك و زۆر دڵخوازانەیان هەبوو وەك سورکردنەوە و برژاندنی خەڵك تا سەرەمەرگ بە کارەبا. ئەمە ڕژێمێك بوو بریتانیا و ئەمریکا دایانمەزراند و تا کۆتاییەکانی تەمەنیشی بە پشتیوانیی بریتانیا و ئەمریکا مابووەوە.

بە شۆڕشی ساڵی 1979 ئەم بارودۆخە کۆتایی پێهات و کرێکارانی ئێران لەم شۆڕشەدا ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا. ئەوان لە شەقامەکان ڕووبەڕووی دەزگای سەرکوتکردن بوونەوە. خۆیان چەکدار کرد لەبەر ئەوەی سەربازان بەشێوەیەکی جەماوەریی ڕایاندەکرد و چەکەکانیان بەخەڵك دەدا. زۆرێك نازانن کرێکارانی ئێران سۆڤێتەکانی خۆیان دامەزراند کە بە شوراکان ناسراوە. دەسەڵات لە دەستی چینی کرێکاردا بوو. حەیف حزبی کۆمۆنیستی ئێران نەیدەویست دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت . ئەوان کۆمەکیان بە خومەینیی گانگستەر کرد دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت. و خومەینی گوتی: زۆر زۆر مەمنون و پاشان کۆمۆنیستەکانی یاساغ کرد و لە کونجی زیندانی قەپات کردن.

خەڵکی ئێران بە سی ساڵ دیکتاتۆرییەتی وەحشی و دێوئاسا و فەندەمێنتالیست بەهای ئەم کارەیان دا. بەڵام ئیتر کاری ئەم ڕژێمە کۆتایی پێهاتووە. تەنها شتێك ئەم ڕژێمەی هێشتبێتەوە ترس و تۆقاندنە و هەروەك دەبینن وردە وردە ترسیش خەریکە نامێنێت. سیاسەت هەمیشە ڕووخسارێکی پێکەنیناویی و کۆمیدیی هەیە. و لێرەدا ئەمە دەبینین؛ تەماشاکردنی ڕەوتی بارودۆخەکان پێکەنیناوییە. عەلی خامەنەیی، ڕێبەری گەورە، هێندە متمانەی بەخۆی هەبوو کە ڕێگەی بە کەمپینێکی هەڵبژاردنی بەڕادەیەك ئازاد دا. متمانە بەخۆبوونی لەوەوە دەهات کە دەیویست تەزویر

لە هەڵبژاردندا بکات. مەلا پلە باڵاکان چێکی کاندیدەکانیان کرد و زیاتر لە 400 کاندیدیان لابرد و لەبەر ئەوەی چوار کاندیدی ماوە هەموویان پیاوانی ڕژێم بوون، بۆیە ترسێکی ئەوتۆیان نەبوو. بەڵام ئەمە تەنها ڕواڵەت بوو ...بەڵام لێرەوە بوو ڕووداوێکی سەیروسەمە بینرا. هێگڵ گوتوویەتی، و لینین بەردەوام دووبارەی دەکردەوە، کە زەرورەت خۆی لەسەر فۆرمی ڕووداودا دەردەخات. ئەم میرحسێن موسەوییە ڕووخساری ڕووداوێك بوو؛ ئەو بەشێك بوو لە ڕژێم. لە سەردەمی جەنگی عێراق و ئێراندا، ئەو سەرۆك وەزیران بوو. بەڵام لە تەلەڤزیۆن مشتومڕ کرا و کێشەی ئابووریی خراپە بەرباس و ئەمە لە ئێراندا، بە دابەزینی نرخی نەوت، بناغەی کێشەکەیە. ناڕەزایەتییەکان هەڵکشان و هۆگریی و ویستیش بۆ مشتومڕەکان بەرز بووەوە.

ئەوە ڕاستە کە ئەحمەدی نەژاد چەند چاکسازییەکی کردووە. ئەو پارەی نەوتی هەبوو و دەیتوانی ئەم کارانە هەڵبسوورێنێت. یارانە(سوبسید)ی دەبەخشی، بەتایبەت بە جووتیارانی هەژار لە گوندەکان و بۆ ئەمەش پرێکی پشتیوانیی لەنێوان ئەم بەشانەدا هەیە. بەڵام ئەم پشتیوانییە بەشێوەیەکی ڕوولەزیاد لەناو دەچێت. بارودۆخی جەماوەر ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر دەبێت و شەپۆلێکی مانگرتنمان لە ئێران بینیوە. بەمجۆرە بوو لەم کەمپینی هەڵبژاردنەدا شتێکی سەیر ڕوویدا. لە ڕابردوودا خەڵك حەزێکیان بۆ هەڵبژاردن نەبوو و زۆرینەیان هەرگیز ئەرکی دەنگدانیان بە هی خۆیان نەدەزانی. بەڵام لەم هەڵبژاردنەدا چەندین خۆپیشاندانی گەورەمان لە تاران بینی. ئەم واقیعەی ئێستا نیشانەیەکە بۆ گۆڕانی وزە و حاڵەتی جەماوەر.

ئەگەرچی موسەوی نوێنەری هیچ جۆرە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینە نەبوو، بەڵام جەماوەر ئەویان وەك نوێنەری ئۆپۆزیسیۆن سەیر دەکرد و بەمجۆرە ئەمەیان وەك دەرفەتێك بینی تاکو وانەیەك بە ڕژێم بدەن. زۆرینەی چاودێران پێیانوابوو موسەوی هەڵبژاردنەکان دەباتەوە. دیاریکردنی ڕاستەقینەی ژمارەکان شتێکی مەحاڵە. هەرگیز نایزانین. بەڵام ڕژێم لێرەدا کەوتە هەڵەیەکەوە. ئەحمەدی نەژاد ڕاستەوخۆ هاتە سەر تەلەڤزیۆن و گوتی بە زۆرینەی گەورە بردوویەتییەوە. تەنانەت لە وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتووشدا ڕاگەیاندنی کۆتایی دەرەنجامەکان ماوەیەکی زۆری دەوێت. ئێران

وڵاتێکی زۆر گەورەیە بە ژێرخانە سەرەتایی و بەدەوییەکان لە ناوچە گوندنیشنەکاندا. ئەرێ بەڕاست ئەو چۆن توانی ڕاستەوخۆ ئەنجامەکان ڕابگەیەنێت؟ ئەگەر گوتبای "بە جیاوازییەکی کەم بردوومەتەوە" ڕەنگبوو خەڵك باوەڕیان بکردایە. بەڵام بەپێچەوانەوە سەرکەوتنێکی گەورەیان ڕاگەیاند و خەڵك باوەڕی بەمە نەمرد. ڕاستەوخۆ کاردانەوەیان پیشاندا. خەڵك ڕژانە شەقامەکانەوە: خوێندکاران (سەرەتا زۆرینە خوێندکاران بوون)، و لەم میانەیەدا چینی ناوەڕاست و مامۆستایان – هەر ئەو کەسانەی لەڕابردوودا پاسەوان و پشتیوانیی ڕژێم بوون. ژنان ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا چونکە ژنان قوربانیانی هەرە سەرەکیی ئەم رژێمەن .ڕێگەم بدەن باسی ئەو چوار مەرجە بکەم، چوار مەرجی شۆڕش، کە لینین باسی دەکات:

.1ڕژێم ئینشقاقی تێکەوتووە؛ قەیرانێك لەنێو ڕژێمدا هەیە.

.2چینی ناوەڕاست لەنێوان هێزە شۆڕشگێڕەکان و چینی باڵادەستدا سەرگەردانە.

.3چینی کرێکار ئامادەی خەبات و پیادەکردنی گەورەترین فیداکارییە

.4بوونی پارت و ڕێبەرایەتییەکی شۆڕشگێڕ .

ڕژێمی ئێران لە سەرەوە تا خوارەوە لێکترازاوە. ئەمە بەدرێژایی مێژوو هەمیشە لە سەرەتای هەر شۆڕشێکدا دروست دەبێت. لە فەڕەنسا لە ساڵی 1789 ڕوویدا و لە ڕووسیا لە شوباتی 1917. ڕژێم کە بە بنبەست دەگات، ئەم بنبەستە لە دوو بەرەی سەرەوەدا ڕەنگدەداتەوە. بەرەیەك دەڵێت دەبێت لە سەرەوە دەست بە چاکسازیی بکەین تا بەر بە شۆڕش بگرین لە خوارەوە. بەرەیەکی دیکە دەڵێت نەخێر، ئەگەر لەسەرەوە چاکسازیی بکەین، لە خوارەوە شۆڕش سەرهەڵدەدات، بۆیە دەبێت بارودۆخەکە هەر بەوجۆرەی هەیە بیپارێزین و بیهێڵینەوە. هەردووکیشیان ڕاست دەکەن .دەربارەی خاڵی دووەم پێویستە بڵێین چینی ناوەڕاست سەرگەردان و سەرلێشێواو نەبوو و لەڕاستیدا بەرەی شۆڕشی گرت. کرێکارانیش بەشدارییان کرد، وەك کرێکارانی پاس (ئوتوبوس)ی تاران. تەنانەت دەنگۆی مانگرتنی گشتیش لەئارادا بوو بەڵام ئەمە ڕوووینەدا. ڕێك بەهۆی نەبوونی دوایین فاکتەرەوە:

پارت و ڕێبەرایەتیی شۆرشگێڕ .گەورەترین بزووتنەوەی جەماوەرییمان لە ساڵی 1979ـەوە تا ئێستا بینی. ڕژێمی ئێرانیان تووشی موفاجەئە کرد. موسەوییان تووشی موفاجەئە کرد. ئەمریکیەکانیشان تووشی موفاجەئە کرد. ئەمە دەنگۆیەکی پروپوچە کە دەڵێت ڕێکخراوی سی ئای ئەی بەرپرسی ئەم جوڵانەوەیەیە. موسەوی هەموو توانای خۆی بەکارهێنا بەر بەم جوڵانەوەیە بگرێت. هەموو ڕۆژێك دەیگوت: "مەڕژێنە شەقامەکانەوە، دەکوژرێن، دەمەوێت ژیانتان ڕزگار بکەم". هەموو ڕۆژێك ئەمانەی دەوتنەوە و هەموو ڕۆژێك کەسی زیاتر دەڕژانە شەقامەکانەوە. نەك تەنها خوێندکاران و تاکەکانی چینی ناوەڕاست.

گۆڤاری ئیکۆنۆمیست ئەو خەڵکانە بەمجۆرە وەسف دەکات کە بەشداریان لە خۆپیشاندانەکاندا کرد: ئەوان تێکەڵ بوون: خوێندکاران، تاکەکانی چینی ناوەڕاست، ژنان، ژنانێکی زۆر. بەڵام لەم میانەیەدا خەڵکانی هەژار لە ناوچە هەارنشینەکانی تاران، ژنانی لەچکپۆش، و کەسە هەژارەکان، تەنانەت مەلاکانیش. ئەمە بزووتنەوە و جوڵانەوەیەکی گەورە بوو. ئەمە لەو جۆرە بزووتنەوانەیە کە مرۆڤ لە سەرەتای هەر شۆرشێکی حەقیقیدا چاوەڕوانییەتی کە کۆمەڵگا تا قوڵایی خۆی دەجوڵێنێت. بەپرسان دەستیانکرد بە سەرکوتکردن؛ زیان بە خۆڕێکخستنی خەڵك کەوت. لێیاندرا، زیندانی کران، و هەندێکیشیان کوژران. بەڵام هیچ شتێك سەرکەوتنی لە وەستاندنی بزووتنەوەکەدا بەدەست نەهێنا. بەشوێنێك گەیشت تەنانەت خەریك بوو لەنێو پۆلیسیشدا دروست دەبوو .ئەم خۆپیشاندانانە سەروئاسایی بوون، چونکە کەس ڕێکی نەخستن. پێموایە ئەگەر تا ئێستا بەڵگەهێنانەوەیەك لەبەرژەوەندیی ئەنارشیزمدا بووبێت، دەبێت هەر ئەم ڕووداوانە بێت. بزووتنەوە، خۆرسك و دەم بەدەم دروست بوو. لاوان لەڕێگای مۆبایلەکانیانەوە و هەموو تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکانی دیکەیان بەکارهێنا کە ئەمڕۆ لەبەردەستیانە .ڕژێم هەوڵیدا ئینتەرنێت بلۆك بکات و پەیوەندییەکانی مۆبایلیش هەر بلۆك بکات، بەڵام لاوان ڕێگایان دۆزییەوە. چۆن دەکرێت جوڵانەوەیەك بووەستێنی کە ڕێبەری نییە و کەسێك نییە دەستگیری بکەیت؟ هەر ئەوەیە نەیانتوانیی جوڵانەوەکە بووەستێنن. بێگومان ئەنارشیستەکان زۆر بەم دۆخە دڵخۆشن. بەڵام دەبێت بە ئەنارشیستەکان بڵێین ئەگەرچی نەبوونی

ڕێبەرێك لە ڕوویەکەوە خاڵی بەهێزی خۆی هەیە، بەڵام خاڵی لاوازیشی هەیە .دواجار جوڵانەوەکە نەیتوانی بە ئامانجەکانی بگات. دەبێت بپرسین بۆ؟ دوو لازازیی کوشندە لە جوڵانەوەکەدا هەبوو. یەکەم دەقاودەق لاوازیی خۆرسکبوون و عەفەویەتی بزووتنەوەکە بوو. ڕێبەر و بەرنامە و ستراتیژ بوونی نەبوو. بەبێ بەرنامەیەکی ئاوا ناکرێت پارێزگاریی لە کۆمەڵانی خەڵك لەنێو شەقامەکاندا بکرێت. سەرەنجام جوڵانەوەکە پەرتەوازە دەبێت، دروست وەك دوکەڵێك کە بەهەوادا دەچێت، مەگەر ئەوەی لە سندوقێکی داخراودا چڕبکرێتەوە و کەڵەکە بکرێت .گرنگتر لەوەش، کرێکارانی ڕێکخراو بەشدارییان نەکرد. ئەمە خاڵی لاوازیی دووەم و خاڵە لاوازە هەرە سەرەکییەکەش بوو. ئەمەش دیسان سنووردارێتیی ڕێبەرانی کرێکاریی لە ئێران دەردەخات. لە قۆناغی ڕابردوودا چەندین مانگرتنمان بینیون، بەڵام لە ساتێکی دیاریکەردا، ئەم ڕێبەرایەتییە لەکوێ بوو؟ بەداخەوە، بەمانایەك پێشڕەویی کرێکاریی نەیتوانی پشتیوانیی جوڵانەوەکە بکات و داوای لە کرێکاران نەکرد بچنە پاڵ جوڵانەوەکەوە.

واپێدەچێت ئەمە بە مانایەك کرێکارانی پێشڕەو یان ستالینیستەکانی پێشوون و یان فاکتەرگەلی لاوازبووی نەوەی پێشوون کە لەژێر کاریگەریی ئایدیا ستالینیستییەکاندان. هەرچییەك بن، وەزیفەیەکی زۆر خراپیان هەبوو. ترۆتسکی وتارێکی بێ وێنەی لە ساڵی 1930دا نووسیوە، کە گەڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران تیادایە. ئەمە ناوی وتارەکەیە: "شۆڕشی ئیسپانیا و وەزیفەی کۆمۆنیستەکان". لەو ڕۆژگارەدا خۆپیشاندانی گەورەی خوێندکاریی هەبوو و ترۆتسکی سووربوو لەسەر ئەوەی کرێکارانی ئیسپانیا و کۆمۆنیستە ئیسپانییەکان دەبێت پشتیوانیی ئەم خۆپیشاندانانە بکەن و خواستە دیموکراتییە شۆڕشگێڕییەکان بهێننە پێشەوە .حەیف لە ئێران ڕێبەرانی کرێکاریی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کرد و بایکۆتی ئەم جوڵانەوەیەیان کرد کە ئەمەش کردەوەیەکی زۆر خراپ بوو. مانگرتنی گشتیی دەیتوانی ئەم ڕژێمە پەك بخات، بەتایبەت ئەگەر ئەگەر هاوکات بووایە لەگەڵ دامەزراندنی سۆڤێتەکان یاخود وەك بەزمانی فارسیی پێیدەگوترێت "شوراکان". بیرۆکەی مانگرتنی گشتیی لەئارادا بوو و تەنانەت موسەویش

گەڕانەوەیەکی ناڕوون و ناڕۆشنی بۆ ئەم بیرۆکەیە هەبوو. تەنها پێویست بوو ڕۆژێك دیاریبکرێت و هەر ئەمەش بەس بوو. بەڵام هەرگیز ئەم خواستە نەهێنرایە پێشەوە .بەڵام لە وتارەکانی وێبساتی "بەرگریکردن لە مارکسیزم"دا ئاماژەمان بەوە کردووە کە ناکرێت هەلومەرجێك هەبێت بەردەوام داوا لە خەڵك بکەیت بڕژێنە شەقامەکانەوە و پێیان بڵێیت خۆپیشاندان بکەن، خۆپیشاندان بکەن، خۆپیشاندان بکەن. ئەویش بەبێ هیچ پێرسپێکتیف و ڕوانگەیەکی ڕوون یاخود بەبێ هیچ ئاسۆیەك. خەڵك هەموو ڕۆژێ خەریکن دەڕژێنە شەقامەکانەوە و سەریان با دەدەن و هیچ ئاسۆیەکیش بوونی نییە. و لە ئەنجامدا ئەگەر شتێك ڕووبدات مەحاڵە خۆی لێ لابدەیت. من لە وتاری یەکەمی خۆمدا گوتم: ئەگەر بارودۆخەکە بەمجۆرە بچێتە پێشەوە، دەکەوێت. و هەر ئەمەش ڕوویدا .واپێدەچێت لە ڕواڵەتدا ڕژێم کۆنتڕۆڵی دۆخەکەی کردووە، بەڵام وەهاش نییە. هیچ شتێك چارەسەر نەکراوە و ئێستا درزەکانی ڕژێم بە تەواوی کراونەتەوە. تەنانەت لەنێو چەپیشدا ئەم درزە کراوەتەوە (دەکرێت بە ڕیفۆرمخوازان بڵێین چەپ) و لەنێو بەرەی ڕاستیشدا هەربەمجۆرەیە. ڕەفتاری بەتایبەت ڕەفسنجانی سەیروسەمەرەیە. ئەو یەکێکە لە گانگستەرە سەرەکییەکانی ڕژێم – گانگستەرێکی زۆر دەوڵەمەند و گانگستەرێکی زۆر پارەدار. ئەو ئێستا بەرەو بەرەی ئۆپۆزیسیۆن ملی پێوەناوە.

ڕەفسنجانی نزیکەی پێش دە ڕۆژ، پێشنوێژی جومعەی کرد، نوێژی جومعە لە یەکێك لە مزگەوتە گەورەکانی تاران. ئەمە شتێکی تازە نییە؛ بەگشتی ڕابەران ئەم کارە دەکەن. ئەحمەدی نەژادیش بەم دواییانە هەر ئەم کارەی کرد. بەڵام لە خۆپیشاندانێکی گەورەدا (کە نوێژی جومعەش هەر بەمجۆرەیە) بەلایەنی زۆرەوە 50 هەزار کەس دێن. بەڵام ئەمجارە چەند کەس بۆ نوێژی جومعە لەگەڵ ڕەفسنجانیدا ڕۆیشتن؟ یەك ملیۆن! باشە لەوانەیە یەك ملیۆن کەسیش لەناکاو بە حەزێکی پڕ جۆش و خرۆشەوە بۆ نزا و پاڕانەوەی ئەڵلا ڕۆیشتوون. ئەمەش دەگونجێت، بەڵام من وابیر ناکەمەوە. ئەمە خۆپیشاندانی سیاسیی جەماوەریی بوو. و هەر ئەم بەڕێزە گانگستەرە، هەمان ڕەفسنجانی، وتارێکی تەواو خەباتگێڕیی لە مزگەوت پێشکەش کرد .پێموانییە زۆر باسی خوا و ئەڵلای کردبێت. بەپێچەوانەوە داوای دیموکراسیی کرد، گوتی لە هەڵبژاردنەکاندا تەزویرات کراوە و

گوتی ناتوانین بەکارهێنانی توندوتیژیی دژی خەڵك قبوڵ بکەین و داوای ئازادیی هەموو دەستگیرکراوانی کرد. ئەمە باوەڕی پێناکرێت. تەنانەت سەیرتر لەوەش ڕۆحانییە دیارەکانی حەوزەی قوم، کە ناوەندی ئایینیی سەرەکییە لە ئێراندا، پشتیوانییان لە ڕەفسنجانی کرد. پێموایە لانیکەم چوار یان پێنج ئایەتوڵڵای گەورە پشتیوانیی ڕەفسنجانیان کرد. ئەمە واتا درزێکی دیکە هەیە و پێدەچێت وردە وردە بارودۆخەکە لە کۆنترۆڵی عەلی خامەنەیی دەربچێت .خامەنەیی ڕێبەری گەورەیە و نەك تەنها لە پرسە ئایینییەکاندا. ئەو ڕێبەری گەورەی دەوڵەتە. کۆنترۆڵی سوپا و پۆلیس و دەسەڵاتی دادوەریی بەدەستەوەیە و ئێستا ڕەفسنجانی بە ئاشکرا تەحەدای ئەو دەکات. سەیرتر لەوەش شەوێك بەر لە نوێژی جومعە، لە شەوی پێنج شەممەدا، 24 ئەفسەری باڵای سوپا دەستگیرکران. دووانیان ژەنەڕاڵ بوون. بۆچی دەستگیرکران؟ ئەوان بە جلوبەرگی ڕەسمییەوە چووبوون بۆ نوێژی جومعە و ئەمەش بەدیاریکراوی کردەوەی یاخیبوون بوو.

لە ئەنجامدا هەموو ئەو مەرجانەی لینین بۆ شۆڕش دەیانخاتەڕوو لە ئێراندا هەن ، جگە لە یەك مەرجیان و ئەگەر وردتر بیڵێین، یەك و نیو، چونکە پرۆلیتاریا، ئەمجارەش بەهۆی نەبوونی ڕێبەرایەتییەوە، ئەو ڕۆڵە سەرەکییەی دەبێت بیگێرێت، بەم ڕۆڵگێرانە هەڵنەستاوە. لینین لە ساڵی 1905دا دەنووسێت لە بارودۆخێکی ئاوادا دەبێت پرۆلیتاریا خۆی وەك سەرکردەی وڵات جێگیر بکات. پرۆلیتاریا و پارتەکەی دەبێت لەپێناوی بەرەوپێشبردنی خواستە دیموکراتییە شۆڕشگێڕییەکان بجەنگن و ئەمانە نەك تەنها کرێکاران، بەڵکو چینی ناوەڕاست، خوێندکاران، لاوان و ژنانیش کێشدەکات .دەبێت ئەم خواستە دیموکراتییانە لە یەك دروشمدا کورت بکرێنەوە: مانگرتنی گشتیی سەرتاسەری و شوراکان. ئەگەر ئەم کارە بکرێت، حکومەت کۆتایی پێدێت. تەنها بیر لەمانای ئەمە بکەنەوە. بیر لە کاریگەرییەکانی شۆڕش لە ئێران بکەنەوە. ببینن چ ئاسەوارێك لەسەر هەموو وڵاتانی ئەو ناوچەیە دادەنێت. ڕژێمەکانی وەك میسر، ئوردن، عەرەبستانی سعودیە یەك لەدوای یەك دەکەون. بیر لەوە دەکەنەوە بۆچی ئیمپریالیستەکان هێندە لە کاروباری ئێراندا بێدەنگن؟

لەوانەیە لێم بپرسن فۆرمی نوێی حکومەت چۆن دەبێت. وەڵامی من بەمجۆرەیە: ئەگەر پارتی بەلشەڤیکیی (تەنانەت پارتێك بە 8000 ئەندامی وەك بەلشەڤیکەکانی شوباتی 1917) بوونی هەبووایە، ئێستا لە ئێران دەبوو باسی شۆڕشی پرۆلیتاریی کلاسیك بکەین. بەڵام پارتێکی وەها بوونی نییە. لە ئەنجامدا بەڕادەیەك یەکلاییبووەتەوە شۆڕشی ئێران دەبێت بەنێو قۆناغی جۆرێك ڕژێمی پەرلەمانیی بۆرژوازییدا تێبپەڕێت ، وەك ئیسپانیا لە ئاکامی ساڵی 1931دا. بەڵام لە بارودۆخی قەیرانی ئابوورییدا ئەمە هەمان نوسخەیەکە بۆ ئاشتیی و پێکەوەیی کە لە ئیسپانیای ساڵی 1931دا هەبوو.

لەناوبردنی ڕژێم تەنها تاکە قەیرانی دواتر کەمێك دوا کەوتووە، کە لە شەش مانگ، دوانزە مانگ یان دوو ساڵی داهاتوودا دەبێت. بەڵام گەیشتنیشی حەتمییە. و ئەمە دەستپێکی قۆناغێکی تەواو تۆفانیی دەبێت لە ئێراندا. ناتوانین بەدەقیقی باسی جەوهەری ڕژێم بکەین کە دەردەکەوێت. بەڵام پێتان دەڵێین چ شتێك نابێت: ناتوانین هیچ ڕژێمێکی ئیسلامی فەندەمێنتالیستی دیکە لە ئێران ببینین. نەك لە دوای 30ی ساڵی ڕابردووەوە. ئەو قۆناغە ئیتر تەواو بووە. و لە ئەنجامی شۆڕشی ئێراندا بۆ یەکەمجار ئەم شێتییە فەندەمێنتالیستییەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باڵادەستە، تەفروتونا دەبێت.

**ئاسۆکان و وەزیفەکان**

ئێمە خەریکین دەچینە نێو قۆناغی شۆڕشگێڕییەوە، کە چەند ساڵێك بەردەوام دەبێت و سەروە و خوارەوەی هەیە وەك ئیسپانیا لە ساڵی 1930 بۆ 1937، بەڵام لەژێر ئەم هەلومەرجەدا جەماوەر زۆر بەخێرایی فێردەبن. ئایدیاکانمان هەر ئێستا ڕەنگدانەوەیەکی گرنگیان لەناووەی خودی ئێراندا هەیە و لەم قۆناغەی بەردەمماندا بەناچاری گەشە دەکەن .ڕوونە خوێندکاران دەیانەوێت بە ئەنجام بگەن. ئەوان دەتوانن سنووردارێتییەکانی موسەوی و ڕیفۆرمخوازان ببینن. ئەمەش ڕاستە کە وێب سایتی ئێرانیی ڕەوتی مارکسیزمی ئەنتەرناسیۆنال لەلایەن سەدان خوێندکارەوە کراوەتەوە کە پرسیار

لەسەر سۆسیالیزم و مارکسیزم دەکەن. پێموایە ڕەوتی مارکسیزمی ئەنتەرناسیۆنال کاردانەوە و وەڵامدانەوەیەکی زۆر خێرای پیشانداوە بۆ ڕووداوەکانی ئێران. دەتوانم پێتان بڵێم وتارەکانمان ڕاستەوخۆ لەو بارەیەوە هەر هەمان ڕۆژ وەردەگێردرانە سەر زمانی فارسی، ڕاستەوخۆ لە ئێراندا بڵاوکرانەوە و بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانمان، کاردانەوەی بەرزیان بەدوای خۆیاندا هێناوە .بەهەرحاڵ، هاوڕێیان من تەنها کاتم هەبوو ئاماژە بە ئیمکانی تەقینەوەی ئەو خاڵانە بکەم لە سیاسەتی جیهاندا و کاتی ئەوەم نییە زیاتر لەسەر ئەم خاڵانە بووەستم. لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم: لینین ڕۆژێك وتارێکی نووسی، ناونیشانەکەی بریتی بوو لە "کەرەستەی هەڵگیرساندنی ئاگر لە سیاسەتی جیهانیدا". هاوڕێیان ئەمڕۆ لە هەموو شوێنێکدا هەڵگیرسانی ئاگیر دەبینرێت و خەریکە هەلومەرجەکانی شۆڕش ئامادە دەبن .دیارە نابێت زیادەڕەویی بکەین: هێشتا سەرەتای ڕۆژەکانە. وەك ترۆتسکی دەڵێت، دەبێت ئارام بگرین و لەسەرخۆ بین. بەڵام دوو بابەت لێرەدا ڕوونە: لانیکەم دەستپێکی گۆڕانی ئاگایی جەماوەر دەبینین. ملیۆنان کەس بەگوێیەکی کراوەوە بەجۆرێك گوێ لە ئایدیاکانی مارکسیزم دەگرن کە پێشتر هەرگیز بەمجۆرە نەبووە. بەڵام هەرگیز کاتێکی وەك ئەم کاتەمان نەبینیوە و هیچ شتێکم نایەتەوە بیر وەك ڕەوتی هەنوکەیی بارودۆخەکان بێت.

خاڵی دووەم کۆتایی بریتییە لە ڕۆڵی ئەنتەرناسیۆنال. هێشتا هێزەکانمان زۆر بچووکن. دەمانەوێت هەوڵبدەین یەکەم ناوکی ڕەوتی مارکسیزمی ئەنتەرناسیۆنال لە زۆرێك وڵاتدا دروست بکەین، بەڵام خەریکین گەشە دەکەین. و ئێستا ئیتر تەنها چاودێر نین، بەڵکو بەشێکی چالاکی بزووتنەوەین لەنێو هەندێك وڵاتی زۆر گرنگدا. لە ئەنجامدا دەتوانین متمانەیەکی زۆرمان بەداهاتوو هەبێت. ئێمە ئایدیای ڕاست و دروستمان هەیە، ئایدیای سەروئاسایی بنچینەیی مارکسیزم. هەروەها ئێمە چەندین تاکتیك و میتۆدی دروستیشمان هەیە و گرنگتر لە هەمووی، سوورین لەسەر ئەوەی ئەم ئایدیایانە بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی چینی کرێکارەوە ببەستینەوە .هاوڕێیان! دەتوانین بە دڵنیاییەکی تەواوەوە بە ئایدیاکانی مارکسیزم، بە دڵنیاییەکی تەواوەوە بە ڕۆڵی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکار،

بە دڵنیاییەکی تەواوەوە بەخۆمان و بەدڵنیاییەکی تەواوەوە بە سەرکەوتنی ڕەوتی مارکسیزمی ئەنتەرناسیۆنال بچینە پێشەوە.